بسم الله الرحمن الرحيم

پێرستی بابەتەکانی ژمارە ( ١٨ ) :


| لاپەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
| --- | --- | --- |
| ٢ | ئامان با خوێنی موسڵمانان بەهەدەر نەدرێت !! ........................................ | سەرنووسەر |
| ٣ | گەورەیی و پاداشتی خۆشەویستی لەبەر خاتری خوای پەروەردگار ........................ | م.أبوبكر أحمد |
| ٤ | ( السلام عليكم و رحمة الله و بركاته ) دروشمی ئیسلامە ................................ | کوێستان |
| ٥ | کاتێ بازرگانی لەگەڵ خوادا دەکەیت.................................................. | م.پشتيوان محمد |
| ٦ | خـەم ........................................................................................ | شاديه أحمد |
| ٧ | وریابە وەك پاترییەکە لە کار نەکەویت ........................................... | سەردار عبدالله |
| ٨ | ئاگات لە ساتی کۆتایی بێت ...................................................... | جيهاد قادر |
| ٩ | تاکەی خۆمان دەخەڵەتێنین ........................................................ | سروين بلباس |
| ١٠ | چین؟ ئەو وانانەی لە بەسەرهاتەکەی کەعب وەردەگیرێن ............................ | م.عثمان أحمد |
| ١١ | زانست و کارکردن ................................................................. | كارمەند محمد |
| ١٢ | ئامانجەکانی ڕۆژهەڵاتناسی ( بەشی پێنجەم ) ..................................... | م. على محمد |
| ١٣ | حیکمەتەکانی لوقمانی حەکیم و ژیری ئەبی حازم و ترسی ئەبا غەنیمە .................. | م. رزگار محمد |
| ١٤ | نامەیەك... شەیتان پەرستان( کۆتایی) ............................................. | بلال جلال |
| ١٥ | لە وەسیەتەکانی ( لوقمانی حەکیم بۆ کورەکەی ) .................................. | هيوا محمد |
| ١٦ | هەندێ بەسەرهاتی سەردەمی فیرعەون و پەند لێ وەرگرتنی ............................ | دانا جمعه |
| ١٧ | هەنگوێن و سودەکانی ............................................................. | خالد حسين |
| ١٨ | کورتەیەك لە : باسی زیکری خوا و شوکرانە بژێری ................................... | إدريس محمود |
| ١٩ | زانست دەپرسێت .................................................................. | صباح و جيهاد |
| ٢٠ | چاوە فرمێسکاویەکان .............................................................. | زانست |
| ٢١ | سەرخستنی خودا .................................................................... | عبدالرحمن |
| ٢٢ | هەندێ لەو وشە و وتانەی کەخەڵکی لێی بێ ئاگان دەبێتە هۆی هاوبەشی بریاردان بۆ........... | ئادەم عوثمان |
| ٢٣ | مرۆڤ تا ئازار نەچێژێت نرخی ژیان نازانێت ........................................ | هەڵکەوت بورهان |
| ٢٣ | ما هی أعظم عبادە ................................................................. | سندس بهلول |
| ٢٤ | the real meaning of ( laa ilaha ila allah ) (2)............................................ | ڕێبوار عبدالله |


تێبینی : بۆ ئەو فێرخوازە ئازیزانەی کە دەیانەوێت بابەتیان بڵاوبێتەوە ، زانست ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێنێت ، بەڵام بابەتەکانیان بەپێی مەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگیراوە ئاماژە بە ناوی سەرچاوە بکرێت ... ٣ . تا دەتوانرێت کورت و پوختکراو بێت ... ٤ . ئامادەکار ناوی خۆی و کۆلێژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراو بێت .

✍ بە ڕەخنە و پێشنیارەکانتان بڵاوکراوەکەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .

بۆ پەیوەندی:

٠٧٧٠٢٩١٢٦١٣

Zanest@Gawab.com

بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی : www.ba8.org بکە.

سەرنووسەر :

عدنان بارام . دەرچووی عربی . صلاح الدين .

دەستەی نووسەران :

علي محمد . دەرچووی کۆمەڵایەتی کەلار .

صلاح علی قادر. دەرچووی ئەندازیاری سلێمانی .

هيمن كريم عەزيز. کۆمپیوتەری هەولێر .

جيهاد قادر. دەرچووی عەرەبی قەڵادزێ .

دیزاینەر:

سەردار عبدالله . چوارقوڕنە .

@ ئەزیزان بە هۆی پشووەوە ( زانست ) دوا کەوت ، بۆیە بمان بورن..!!

**ئامان با خوێنی موسڵمانان بەهەدەر نەدرێت !!**

**حەرامێتی و گەورەیی کوشتنی نەفس ، و ڕشتنی خوێن تاوانێکی بەڵگە نەویستە ، قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر بەڕوونی و ڕاشکاوی باسیان لێوە کردووە ، و یاساغیان لێ کردووە .**

**بۆ نمونە خوای پەروەردگار سەبارەت بە کوشتنی نەفسێك فەرموویەتی : ﴿ مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا ﴾** ( المائدة : ٣٢ ) .

**واتە : ئەو کەسەی کە نەفسێك بکوشێت بەبێ ئەوەی بەرامبەر بە نەفسێك بێت ، یان مەبەستی ناوەی ئاشوب بێت لەسەر زەوی ئەوا وەك ئەوەیە کە هەموو خەڵکی سەر زەوی کوشتبێت ، وە ئەوەش زیندوویبکاتەوە وەك ئەوە وایە هەموو خەڵکی سەر زەوی زیندوو کردبێتەوە .**

**وە ئەو کارەشی . واتە : کوشتنی . بە جێگەی توڕەیی خوای پەروەردگار باس کردووە ، هەروەك فەرموویەتی : ﴿ وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا ﴾** ( النساء : ٩٣ ) .

**واتە : ئەو کەسەی کە باوەڕدارێك بە بێ تاوان بکوشێت ئەوا سزای ئاگری دۆزەخ دەبێت بە هەتاهەتایی تیایدا ، و پەروەردگار لێی توڕە دەبێت و نەفرینی لێ دەکات ، و سزایەکی سەختی بۆ داناوە .**

**وە پێغەمبەری خواش ﷺ بەهان شێوە باسی لە گەورەیی کوشتن کردووە ، هەروەك فەرموویەتی : " لزوال الدنیا أهون عند الله من قتل رجل مسلم "** ( رواه النسائي والترمذي و صححه الألباني في : صحيح وضعيف سنن النسائي برقم : ٣٩٨٧ ، وانظر ما قبله ( ٣٩٨٦ ) ، و صحيح الترغيب والترهيب ، برقم : ٢٤٣٩ و : غاية المرام ( ٤٣٩ ) ، و صحيح الجامع ، برقم : ٥٠٧٧ ) .

**واتە : لە ناوچوونی دونیا هەرهەموو لە لای پەروەردگار کەمتر و ئەهوەن ترە لە کوشتنی کەسێکی موسڵمان .**

**وە لە فەرموودەیەکی تریدا بە نیشانەیەك لە نیشانەکانی نزیکی و هاتنی قیامەتی داناوە کە فەرموویەتی : " إن بین یدي الساعة الهرج قالوا : وما الهرج ؟ قال : القتل إنه لیس بقتلکم المشرکین ولکن قتل بعضکم بعضا : ( حتی یقتل الرجل جاره ویقتل أخاه ویقتل عمه ویقتل ابن عمه ) ! قالوا : ومعنا عقولنا یومئذ ؟ قال : إنه لتنزع عقول أهل ذلك الزمان ، ویخلف له هباء من الناس ، یحسب أکثرهم أنهم علی شيء ، ولیسوا علی شيء "** ( صححه الألباني في السلسلة الصحيحة ، برقم : ١٦٨٢ ، و في صحيح الجامع ، برقم : ٢٠٤٧ ) .

**واتە : لە پێش هاتنی ڕۆژی قیامەت ( هرج ) ڕوودەدات ، ووتیان : ( هرج ) چیە ئەی پێغەمبەری خوا ؟ ئەویش فەرمووی : کوشتن ، مەبەستم کوشتنی هاوەڵبڕیاردەران نیە ، بەڵکو کوشتنی هەندێك لە خۆتان بۆ هەندێکی ترتان ، تەنانەت مرۆڤ دراوسێ و برا و مام و ئامۆزاکەی خۆی دەکوشێت !! وتیان : ئەی ئێمە ئەو ڕۆژە ژیری و عەقڵمان لای خۆمانە ؟! فەرمووی : ژیری و عەڵی خەڵکانی ئەو سەردەمە لێیان دەسێنرێتەوە ، و کەسانی کاڵفام و کەم عەقڵی خەڵك دێنە پێشەوە ، و زۆربەیان وادەزانن شتیان پێیە ، کەچی هیچیشیان پی نیە !!**

**جا فێخوازی بەڕێز : پاش خستنە ڕووی ئەو ووتانەی پەروەردگار و فەرمایشتانەی پێغەمبەرەکەی ﷺ جێی خۆیەتی تاوانێك ئەوەندە بەگەورەیی باسی لێوە کرابێت :**

**١ . مرۆڤی موسڵمان خۆی بۆ خۆی تا دەتوانێت لێی دوور بێت و نزیکی نەکەوێتەوە .**

**٢ . ڕۆشنبیران و پێنوس بەدەستان تا دەتوانن یاساغی لەم کارە بکەن .**

**٣ . موسڵمانان بەگشتی و فیرخوازان بەتایبەتی تا دەتوانن ڕێگە لە هۆکارەکانی کەوتنە ئەم تاوانە و ڕوودانی بگرن ، و خەڵکی موسڵمانی لێ چاوڕۆشن بکەن .**

**لە کۆتاییدا لە خوای پەروەردگار داواکارم کە موسڵمانان لەم تاوانە قێزەون و خراپە بپارێزێت و دوریان بخاتەوە لە هەموو ئەوەی کە خراپەی دونیا و دواڕۆژیانی تێدایە ، ئەوەش کە خۆشبەختی و ئاسودەیانی تێدا بۆیان فەراهەم بێت ، هەر ئەوە بەتوانا و بەدەسەڵات بەسەر ئەو کارە ، و هەر ئەویشە وەڵامدەرەوەی بەندەکانی ... ئامین .**

**سەرنووسەر**

........................................

**تەبایی نێوان موسڵمانان و یەك ڕیزیان گەورەترین هۆکاری سەربەرزییانە...!**

**خودای گەورە دەفەرموێت ( بە دڵنیاییەوە ئیمان داران بران، جا برایەتیتان چاك سازی بکەن ) بەواتا تەبابن لە نێو خۆتاندا**

## گەورەیی و پاداشتی

## خۆشەویستی لەبەر خاتری خوای پەروەردگار

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله ، أما بعد :

باوەڕداری خۆشەویست : خۆشەویستی لەبەر خاتری خوای پەروەردگار فەزڵ و گەورەیی و پاداشتی گەلێك زۆری هەیە ، بە پشتیوانی خوای پەروەردگار هەندێك لەو پاداشتانە باس دەکەین کە بەهۆی خۆشەویستی لەبەر خوا دەستمان دەکەوێت ، لەوانە :

یەکەم : مەلائیکەت داوای لێخۆش بوون بۆ ئەو کەسانە دەکەن کە لەبەر خوا یەکتریان خۆش دەوێت : پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : (( مَنْ عَادَ مَرِيضًا أَوْ زَارَ أَخًا لَهُ فِي اللَّهِ نَادَاهُ مُنَادٍ أَنْ طِبْتَ وَطَابَ مَمْشَاكَ وَتَبَوَّأْتَ مِنَ الْجَنَّةِ مَنْزِلاً )) ( صَحِيح الْجَامِع : ٦٣٨٧ ) ، واتە : هەرکەسێك بچێت بۆلای نەخۆشێك یان سەردانی برایەکی بکات لەبەر خاتری پەروەردگار ، ئەوا بانگەوازکارێك ( مەلائیکەتێك ) بانگ دەکات و دەڵێت : خوا پاکت بکاتەوە و ڕێگەی خێروچاکەت نیشان بدرێت ، وە شوێنێکیشت بۆ ئامادە بکرێت لە بەهەشتدا .

دووەم : هۆکارە بۆ ڕزگار بوون لە ناڕەحەتی قیامەت : خوای پەروەردگار لە فەرموودەی قودسیدا فەرموویەتی: (( أَيْنَ الْمُتَحَابُّونَ بِجَلاَلِي الْيَوْمَ أُظِلُّهُمْ فِي ظِلِّي يَوْمَ لاَ ظِلَّ إِلاَّ ظِلِّي )) ( مُسْلِم : ٦٧١٣ ) ، واتە : کوان ئەو کەسانەی کە لەبەر خاتری من یەکتریان خۆش ویستووە ، بە گەورەیی و مەزنی خۆم ئەمڕۆ دەیان خەمە ژێر سێبەری عەرشی خۆمەوە ، کە ئەمڕۆ هیچ سێبەرێك نییە جگە لەو سێبەرە ، وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : (( سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ تَعَالَى فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لاَ ظِلَّ إِلاَّ ظِلُّهُ: وَرَجُلاَنِ تَحَابَّا فِي اللَّهِ اجْتَمَعَا عَلَيْهِ وَتَفَرَّقَا عَلَيْهِ )) ( الْبُخَارِيّ : ٦٤٧٩ ، ومُسْلِم : ٢٣٧٧ ) ، واتە : حەوت جۆر یان حەوت کۆمەڵ خەڵك هەن کە پەروەردگار لە ڕۆژی دواییدا دەیان خاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆیەوە ، لەو ڕۆژەدا هیچ سێبەرێك نییە جگە لەو سێبەرە : دوو باوەڕدار یەکتریان خۆش بوێت لەبەر خاتری خوای پەروەردگار لەسەر ئەو خۆشەویستیە کۆ ببنەوە و لەسەر ئەوەش لەیەکتری جیاببنەوە .

سێ یەم : هۆکارە بۆ ئەوەی پەروەردگار خۆشمانی بوێت : پەروەردگار لەفەرموودەی قودسیدا فەرموویەتی: (( وَجَبَتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَحَابِّينَ فِيَّ )) ( صَحِيح الْجَامِعِ للشَّيْخ الأَلْبَانِي : ٤٣٣١ ) ، واتە : خۆشەویستی خۆم پێویست کردووە بۆ ئەو کەسانەی کە لەبەر من یەکتریان خۆش دەوێت .

چوارەم : خۆشەویستی لەبەر خوا واتە ڕێزگرتن لە خوای پەروەردگار : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (( مَا أَحَبَّ عَبْدٌ عَبْداً لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ إِلاَّ أَكْرَمَ رَبَّهُ عَزَّ وَجَلَّ )) ( صَحِيح الْجَامِع : ٥٥١٦ ) ، واتە : هیچ موسڵمانێك نییە کە موسڵمانێکی خۆش بووێت لەبەر خاتری خوای پەروەردگار ، ئەوا ئەو کەسە ڕێزی لە خوای پەروەردگار گرتووە .

پێنجەم : نیشانەیە بۆ چێژ وەرگرتنی باوەڕ : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (( ثَلاَثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ بِهِنَّ حَلاَوَةَ الإِيمَان وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لاَ يُحِبُّهُ إِلاَّ لِلَّه )) ( مُسْلِم : ١٧٤ ) ، واتە : سێ نیشانە هەیە لەهەرکەسێکدا هەبێت ئەوا تام و چێژی باوەڕی کردووە : وە هەر کەسێکی خۆش بووێت تەنها لەبەر خاتری خوای پەروەردگار بێت .

شەشەم : نیشانەیە بۆ تەواوێتی باوەڕ : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (( مَنْ أَحَبَّ لِلَّهِ وَأَبْغَضَ لِلَّهِ وَأَعْطَى لِلَّهِ وَمَنَعَ لِلَّهِ فَقَدِ اسْتَكْمَلَ الإِيمَانَ )) ( صَحِيح الْجَامِع للشَّيْخ الأَلْبَانِي : ٥٩٦٥ ) ، واتە : هەرکەسێك خۆش ویستنی لەبەر خوا بێت و ڕق لێبوونیشی لەبەر خوا بێت ، وە بەخشینی لەبەر خوا بێت و گرتنەوەی لەبەر خوا بێت ، ئەوا ئەو کەسە باوەڕەکەی تەواو دامەزراوە .

حەوتەم : خۆشەویستی لەبەرخوای پەروەردگار پاداشتی گەورە و بێ سنوورە : خوای پەروەردگار لە فەرموودەی قودسیدا فەرموویەتی : (( الْمُتَحَابُّونَ فِي جَلاَلِي لَهُمْ مَنَابِرُ مِنْ نُورٍ يَغْبِطُهُمُ النَّبِيُّونَ وَالشُّهَدَاءُ )) ( صَحِيح الْجَامِع : ٤٣١٢ ) ، واتە : ئەوانەی کە لەبەر من یەکیان خۆش ویستووە لە دونیادا ، ئەوا لەڕۆژی دواییدا مینبەری نوریان بۆ هەیە ، پێغەمبەران و شەهیدەکان خۆزگەیان پێ دەخوازن .

هەشتەم : هەرکەسێکت خۆش بووێت لە دونیادا لە قیامەتیشدا لەگەڵ ئەودادەبیت : پیاوێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە قیامەت ؟ ئەویش فەرمووی : چیت بۆ ئامادەکردووە، پیاوەکەش ووتی : خۆشەویستی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ ئەویش فەرمووی : (( إِنَّكَ مَعَ مَنْ أَحْبَبْتَ )) ( الْبُخَارِيُّ : ٣٦٨٨ ) ، واتە : تۆ لەگەڵ

خۆشەویستتدایت ، هەروەها فەرموویەتی: (( الْمَرْءُ مَعَ مَـنْ أَحَبَّ )) واتە : پیاو لەگەڵ ئەو کەسەدایە کە خۆشی دەوێ .

هـاوەڵی خۆشەویـست ئـەبو هـورەیرە ﷺ دەفـەرموویێت : پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی : پیاوێـك چـوو بـۆ سـەردانی برایـەکی لـە گونـدێکی تـر ، خـوای گـەورە لەسـەر ڕێگـەی ئـەو پیـاوە مەلائیکـەتێکی دانـا ، کاتێـك پیاوەکـە گەیـشتەلای مەلائیکەتەکـە بـە پیاوەکـەی ووت : بـۆ کـوێ دەچیت ؟ پیاوەکەش ووتی : دەمەوێت بچم بۆ لای برایەکم لـەم گونـدە ، مەلائیکەتەکە ووتـی : ئایا لـەلای ئـەو برایـەت هیچ خێر و بەرژەوەندیەکت لای دەست دەکەوێت ؟ پیاوەکە ووتـی : نـەخێر ، تـەنها ئـەوە نـەبێت کـە مـن لەبـەر خـاتری خـوای گـەورە ئـەوم خـۆش دەوێـت ، مەلائیکەتەکـە ووتـی : بەڕاستی مـن نێـردراوی خـوای گـەورەم بـۆ لای تـۆ کـە پێـت بڵێم خـوای گـەورە تـۆی خـۆش دەوێـت ، وەك چـۆن تـۆ ئـەو برایەت خۆش دەوێت لەبەر خاتری خوای گەورە . ( مُـسلِم : ٦٤٩٥ ) .

لە کۆتایدا ... ئەمە گوڵبژێرێك بوو لە فەزڵ و گـەورەیی و پاداشتی خۆشەویستی لەبەر خاتری خوای پەروەردگار .

وَآخِرُ دَعْوانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**م. أبُوبكر أحمَـد . چمچمال**

**( السلام عليكم ورحمة الله وبركاته )**

**دروشمی ئیسلامە**

خوێنەران وشەیدایانی مینبەری زانستی بەڕێز و سـەنگین خـوای گـەورە فـەرمانی پێکـردووین بـەوەی کـە سـڵا و لەیـەکتری بکـەین وەك خـوای گـەورە دەفـەرموێت : ﴿ وإذا حيتم بتحية فحيوا بأحسن منها أو ردوها ﴾ ( النساء : ٨٦ ) .

ئایـە خـوای گـەورە مەبەسـتی لـەو سـڵاوەی کـە ئێمـەی خوێنـدکاران دامـان هێناوەکـە بـە شـێوازێکی مـۆدرێن و ئاسانە بگرە بـە وشـەیکی ڕۆشـنبیری وئـەورووپی دەزانـین ئـەویش ( هـەلاو . هـای . چـۆنن . بـەیانیت بـاش . ئێـوارەت باش .... ) نەخێر ئەمانە هەمووی پێچەوانەی ئـەو سڵاوەن کە خوای گەورە فەرمانی پێ کردووین .

دروشمی سڵاوی ڕاستەقینە کە خوای گـەورە پێـی خۆشـە و پاداشتی هەیە و ڕێگەیەکە لە دورکەوتنەوەمان لە شەیتان ئەمەیە ﴿ السلام عليكم و رحمة الله و بركاته ﴾ بەمانای ئاشتی و سـەلامەتی خـوای گـەورەت لـە سـەر و لـە ژێـر چاودێری خوادا بژیت و ڕەحمەت و بەرەکەتی خوا سەراپای ژیان و گوزەرانت داپۆشێت .

بەڵگـە لەسـەر پاداشـتی : پیاوێـك هـات بـۆ لای پێغەمبـەر ﷺ ووتـی : السلام علـيكم ، پێغەمبـەر ﷺ فەرمووی: دە ، پاشان پیاوێکی تر هات، ووتـی السلام علـيكم ورحمـة الله ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بیست . دواتر پیاوێك هات ووتی السلام عليكم ورحمة الله وبركاته پێغەمبـەر ﷺ فـەرمووی: سـی واتە: ئەو ژمارانە مەبستی لە پاداشتە .

ئادابەکانی سەلام کردن :

١ . پیغەمبـەر ﷺ دەفەرموویت با کەسی بچوك سڵاو لـە گەورە بکات و تێپەربوو سڵاو لە دانیشتوو بکات و کەمینە سڵاو لە زۆرینە بکەن .

٢ . خـوای گـەورە دەفـەرموێت ﴿فَإِذَا دَخَلْتُمْ بُيُوتًا فَسَلِّمُوا عَلَـى أَنْفُسِكُمْ تَحِيَّةً مِنْ عِنْدِ اللَّهِ مُبَارَكَةً ﴾ (الـنور:٦١) ، واتـە: هـەرکات چوونـە ماڵـەوە ئـەوە سـەلام بکـەن لـە یـەکتر وەسـەلام بکـەن لەوانەی کە وەك خۆتان وان ، بەسـەلام کردنێك کە لـە لایـەن خواوە هاتووە پێـی یـە وەبـە سـەلامێك کـەجوان وپـاك وچـاك بێت .

٣ . پیغەمبەر ﷺ فەرمووی ئەگـەر کافر یـان لـە ئـایین لاداو سـەلامی لێتـان کـرد و ووتنـی سـەلامەکەی ڕوون نـەبوو ئـەوا تەنها لەوەڵامدا ئەڵێن وعليكم . ( البخاري ) .

دروشمی ئیسلام جوانترین ڕەوشتە کـە ئێمـەی موسـلمان پابەندبین پێی :

پیغەمبەر ﷺ فـەرمووی : (( لا تدخلوا الجنة حتى تؤمنوا ، ولا تؤمنوا حتى تحابوه ، أفلا أدلكم على شيء إذا فعلتمـــوه تحـــابتم ، أفشوا السلام بينكم )) ( أبو داود : ٢٠٤١ ، وهـو حـديث صـحيح ) ، **واتە :** ناچنە بەهەشتە وە هـەتا ئیمانـدار نـەبن ،و ئیماندار نـابن هەتایەکترتان خۆش نەوێت ، پێتان ڕابگـەیێنم لەسـەر ئـەوە ئەکـەر جـێ بـەجێ تـان کـرد یـەکترتان خـۆش ئـەوێت : سەلامکردنتانە لە یەکتر و بڵاوکردنەوەیەتی.

**کوێستان عبدالخالق**

**ك.تکنیکی سلیمانی کارگێری**

## کاتێك بازرگانی لەگەڵ خوادا دەکەیت

کاتێك بازرگانێك دەیەوێت بازرگانیەك بکات لەگەڵ کەسێکدا دوو ئامانجی زۆر گرنگی مەبەستە :

١ . بەدەست هێنانی قازانجێکی زۆر .

٢ . بە دەست هێنانی متمانەی کەسە کە بۆ ئەوەی جارێکی تر مامەڵەی لەگەڵدا بکات .

باشە بابپرسین ئەی ئەگەر ئەو بازرگانیە لەگەڵ خوادا ئەنجام بدرێت قازانجەکەی چەندە ؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە دەچینە خزمەت چەنج هاوەڵێك کە بەکردەوەکانیان وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە :

١ . پێشەوا عومەر ﷺ دەفەرموێ : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ کردین کە خێر و بەخشین بکەین ، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە من هەندێك ماڵم هەبوو بۆیە لەدڵی خومدا ووتم ئەمڕۆ پێش ئەبوبەکر دەکەوم . هەرچەندە ئەو هەموو جارێ پێشم کەوتووە .. هەستام چوومەوە ماڵەکەم کۆکردەوە بەو شەوە نیوەیم هێنا پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی : چەندت بۆ ماڵ ومنداڵت هێشتۆتەوە ؟ ووتم : ئەوەندەشم بۆ ئەوان بەجێ هێشتووە . لە دوای ئەبوبەکر هات بە هەر چیەوە کە هەی بوو پێغەمبەریش ﷺ پێی فەرموو : ئەی چەندت بۆ ماڵ و منداڵەکەت بەجێ هێشتووە ؟ ئەبوبەکریش فەرمووی : بەس خوا و پێغەمبەرەکەی ... ووتم : تازە هەرگیز ناتوانم لە هیچ شتیکدا پێشی بکەوم ( رواه أبو داود والترمذي وصححه الألباني ) .

٢ . لە ئیبن وعەبباسەوە ﷺ دەفەرموێ : لەسەردەمی پێشەوا ئەبوبەکر ﷺ گرانی بوو ، خەلیفە پێی فەرموون : بەیانی ڕۆژ ئاوا نابێت تاوەکو خوای گەورە دەرگایەکتان لێ دەکاتەوە کاتێ بەیانی ڕۆژ بووە ، قافڵەی پێشەوا عوسمان ﷺ گەیشتەجێ . بازرگانەکان لێ کۆبوونەوە پێشەوا عوسمانیش ﷺ هاتە دەرەوەو بازرگانەکانیش داوایان لێ کرد کە ئەم کاروانەیان پێ بفرۆشێ پرسیاری لێکردن چەند قازانجم دەدەنێ ؟ ووتیان دە بە دوانزە فەرمووی : زیادی کەن ووتیان دە بە پانزە پێشەوا عوسمانیش ﷺ زیاتریان داومەتێ !! ووتیان کێ زیاتری داوە ؟ خۆ بازرگانی شارەکە ئێمەین ئەویش فەرمووی : خوای پەروەردگار ، خوا زۆر زیاتری داومەتێ ئایا ئێوە ئەتوانن زیاترم بدەنێ ؟ بازرگانەکان بڵاوەیان لێ کرد . ئەوەبوو پاشان خەلیفە عوسمان ﷺ بانگی ڕاهێشت خوایە وامن ئەو کاروانەم بەخشی بەخەڵکی هەژاری شاری مەدینە بە خۆڕایی بەبێ کێشان وهەژمار ( خلفاء الرسول ص : ٣٤٦ ) .

٣ . کاتێك کە هاوەڵی پایە بەرز صوهەیبی ڕۆمی ویستی کۆچ بکات لە مەککەوە بۆ مەدینە خەڵکی مەککە شوێنی کەوتن ، صوهەیبیش چل دانە تیری دەرهێناو کەوانەکەی ئامادەکرد و فەرمووی : لێم نزیك نەبنەوە بە خوا نامگەنێ هەتا هەریەکەتان تیرێك نەخوات . ئەمجارە دەست دەدەمە شمشێر ، وە بۆ خۆشتان باش دەزانن من چی پیاوێکم . خەڵکەکەش پێیان ووت ئەی صوهەیب کاتێ تۆ هاتی بۆ لامان کابرایەکی ڕووت و ڕەجاڵ و بێ نرخ بوویت ، بەڵام بەم شێوەیە حاڵت گۆڕاوە و گوزەرانت باش بووە !!! صوهەیبیش ﷺ فەرمووی : باشە ئەگەر ماڵەکەمتان بۆ بەجێ بێڵم وازم لێ دێنن بڕۆم ؟ ووتیان : بەڵێ تەواوی ماڵەکەت دابنێ . صوهەیبیش فەرمووی : بڕۆن بن ڕیسمەی دەرگاکە هەڵکەنن دەیدۆزنەوە دوخشڵیش لەلای فلانە ژنە وەری بگرن .... خوای پەروەردگاریش ئەم ئایەتەی دابەزاندە خوارەوە: ﴿ وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَشْرِي نَفْسَهُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ رَءُوفٌ بِالْعِبَادِ ﴾ ( البقرة : ٢٠٧ ) ، واتە : بەشێك هەن لە خەڵکی خۆیان دەکڕنەوە بە ئومێدی بەدەست هێنانی ڕەزابوونی خوا ،خواش بەبەزەییە بەرامبەر بە بەندەکان.

پاشان ڕۆشت تاوەکو گەیشتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ ، پێغەمبەریش ﷺ کاتێك کە صوهەیبی بینی پێی فەرموو : ئەی باوکی یەحیا بازرگانیەکەت قازانجی کرد سێ جار وای فەرموو . صوهەیبیش فەرمووی : کەس ئەم هاواڵەی نەداوە بە تۆ جگە لە جوبریل نەبێت . ( الحاكم ٣٩٨/٣ ، ابن سعد ٢٢٧/٣-٢٢٨ ، البداية والنهاية ٣/-١٧٢ ) .

خوێنەری بەڕێز: گەشتن بە بەهەشت و خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەکانی ڕەزای خوایان لێ بێت کردەوەی چاکی ئەوێت لەو کردەوە چاکانەش بەخشینە لەڕێگەی بانگەوازی خوادا بەپێی توانای خۆت . با هەریەك لەئێمە لەخۆمان بپرسین چەندە دەبەخشین لە پێناو پڕۆژەیەکی خێرخوازیدا ئیتر ئەو بەخشینە چی ڕۆژانە بێت یان هەفتانە یان مانگانە وەمەرجیش نیە تەنها بەماڵ بێت بەڵکو بە ووتەی چاك ونووسینی چاك و کردەوەی چاك هەر کەسە و لە کار و

پلەی خۆیەوە دەست پێ بکات بۆ نموونە تۆی خوێندکار هەر لە ئێستاوە بڕیار بدە کە لە ڕۆژێکدا بۆ چەند کەسێك قسەی خێر بکەیت. لە هەفتەیەکدا سەردانی چەند نەخۆشێك بکەیت لەمانگێکدا چەند ناملیکە یان گۆڤار بلاوبکەیتەوە .

**م . پشتیوان محمد .دەرچووی عەرەبی**

## خەم

گرنگترین شت کە مرۆڤی موسلمانی دڵ پەیوەست بە خوای گەورە و شەریعەتەکەی جیادەکاتەوە لە مرۆڤی ناموسلمانی دوور لە دین بریتیە لەو ئارامی و بەختەوەرییەی کە پێوەی دیارە و هەستی پێ دەکات وای لێدەکات لە ناخیەوە هەست بەخۆشیەکی بەردەوام و بێ وێنە دەکات وە ئەم خۆشی و ئارامیەش یەکێکە لە بەرهەمە پیرۆزەکانی درەختی ئیمان .

بەلام کام ئیمان ؟ ئیمانێکی ڕاست و تەواو بە خوای پەروەردگار و نێردراوەکانی وە ئەنجامدانی کردەوەی چاك لەژێر سایەی قورئان وسوننەت ، ئیمانێك کە بەرهەمی شوێنکەوتنی ڕێنمایی پەروەردگار بێت . هەروەك پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ فَمَنْ تَبِعَ هُدَايَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾ (البقرة : ٣٨) ، واتە : هەرکەسیك شوێن ڕێنمایی بەرنامەی خوا بکەوێت ئەوا نەترسی لەسەرە بۆ داهاتوی وە نە خەم و خەفەتیش دەخوات لە رابردوی .

وە پێشینانی ئێمە جاری واهەبوە کە هەستیان بەدڵ رەقی وخەفەت و نائومێدی کردوە ، هەندێکیان بەهەندێکی تریان وتوە : ( تعال بنا نؤمن ساعة ) ، واتە : وەرە باساتێك ئیمانمان تازە بکەینەوە ....

کەواتە ئیمانێك و لەخواترسانێك کە ببێتە هۆی بەختەوەری و سەرفرازیمان لەدونیا و لە قیامەتیش دەی بۆ دەستی پێوە نەگرین ؟!

ئەمرۆ ملیۆنەها مرۆڤ بەگشتی لە جیهاندا وبەتایبەت لە رۆژئاوا بەدەست نەخۆشیە دەرونیەکانەوە دەناڵێنن ، خەم وخەفەت وخۆشەویستی دونیا دڵەکانی داگرتووە بێ ئاگایی مرۆڤەکان لەوەی کە بۆچی ئەژی و لە پێناو چی دروست کراوە وایکردوە ئەمرۆ ئاژەڵەکان لە هەندێك لە مرۆڤەکان بەختەوەرترین !!!.

ئەمەش یەکێکە لە دانپیانانەکانی خۆیان کە ( برتراند راسك ) دەربارەی تەنگژەی ژیانیان لەجیهانی نوێدا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت : ( لە جیهانی نوێمان ئاژەڵانی جیهانەکەمان خۆشحاڵ و بەختەوەرترن لەکاتێکدا خەڵکی شایستەتربوون لە ئاژەڵ بەم بەختیاریە بەلام بێ بەشن لێی)!

موسڵمانان ئەگەرچی زەلیل و ژێر دەستەبن ئەگەرچی زۆربەی مافەکانیان لێ زەوت بکرێت بەلام دەستکەوتێکیان هەیە کە هەموو دونیا ناتوانن لێیان بسێننەوە و هەموو دونیا بەدوای ئەوەوە ویڵ و عەودالن ئەوەش ئەو ئارامی رۆحی و بەختەوەرییە کە تەنها لەسایەی ئیسلامدا بەدی دێت .

کەوایە ڕوی دەمم دەکەمە هەمو موسڵمانان و دەڵێم توخوا باقەدری ئیسلام بزانین ، سوێند بەخوا ئەوەی ئەمانەوێ تەنها لەژێر سایەی ئیمان و ئیسلامدا بۆمان بەدی دێت .

رۆژێك نەبو لە رۆژانی ژیان
خەم دڕك نەبێ بۆ ئازاری گیان
چرکەیەك نەبو لەچارەکی کات
خەم بڵێ نایەم بە میوانی لات
تا ئەو کاتەی بیرم کردەوە
خۆشەویستی خوا دڵمی گرتەوە
خەم وتی بیشڵێی نایم بە میوان
تۆ بەختەوەری لەسایەی ( ئیمان )

**شادیه أحمد.ك.كەلار.كوردی**

---

**جوانترین سیفەت ئارام گرتنە لەسەر خراپەی کەسانی تر، لەوەش جوانتر ئەوەیە لە تواناماندا هەبێت بیان بەخشین.. ئەمەش تەنها دڵێکی فراوان دەتوانێت ئە نجامی بدات..!**

**ئاخۆ ئیمان و دڵنیایی تەواومان هەیە بە پاداشتی ئارام گرتن و لێ بوردەیی...!؟ بۆ ئەوەی وامان لێ بکات کە ڕازاوە بین بەو سیفاتە جوانانە...!!؟**

## وریابە وەك پاتریەکە لەکار نەکەویت !!

الحمد لله ، والصّلاة والسّلام على رسول الله وعلى آله وصحبه أجمعين ، أما بعد : خوای پەروەردگار ئاسمان و زەوی و هەموو ئەو شتانەشی کە لە نێوانییاندا هەیە دروست کردووەو ، وە هەموو ئەو شتانەش کە لەم گەردوونەدا هەن لەسەر بنچینەیەك کاردەکەن کە ژیان و کۆتاییان هەیە ، ئەگەر سەرنجێك بدەینە ئەو پاتریەی کەوا مۆبایلێك بە هۆیەوە ئیشدەکات ، و تۆی بەکارهێنەر دەتوانیت لەڕێگەی ئەم وزەیەی کە لەناو پاتریەکەدا هەیە مۆبایلەکەتی ئیش پێبکەیت ، و پەیوەندی پێبکەیت ، و نامەو چەندەها شتی تری پێبنێریت . بەڵام پرسیار لێرەوە دەست پێدەکات و دەپرسین ئایا ئەم هەموو شتانەی لە مۆبایلەکەدا هەن لە خۆوە دروست بوون و هیچ یاسا و ڕێسایەك نیە بۆ ئیشپێکردنی ئەو مۆبایلە ، بە شێوەیەکی یاسایی و نیزامی ؟! لە وەڵامدا دەڵێین : دڵنیاین و دڵنیاشبە ئەو کۆمپانیا و کەسانەی کە لە دروستکردنی ئەم مۆبایلە و بەشەکانیدا بەشدارن یاسای تایبەتیان بۆ داناوە ، بۆ چۆنیەتی ئیشپێکردنی مۆبایلەکە ، بۆ نمونە : ئەگەر سەرنجێك بدەینە ئەو کەتەلۆگەی کەوا لەگەڵ مۆبایلێکدا هەیە ، پێت دەڵێت : باشترین ڕێگا بۆ مانەوەی ئەو پاتریەی کە لەگەڵ مۆبایلەکەتدا هەیە ، ئەوەیە لە سەرەتای کڕینی مۆبایلەکە ، پێش ئەوەی ئیش بە مۆبایلەکە بکەیت پێویستە لە ٨ سەعات زیاتر پاتریەکە بارگاوی ( شحن ) بکەیت " بۆ ئەوەی بتوانیت بۆ ماوەیەکی درێژ ئەو پاتریە بەکاربهێنیت ، ئەگەرنا لەکار دەکەوێت . وە لە ڕێنماییەکی تردا ئەوەیە کە نابێت ئەم پاتریە بەردەوام لەژێر بارگاوی ( شحن ) کردن بێت ، بەڵکو دەبێت ماوە ماوە بێت ، چونکە باشتر و چاکترە بۆ مانەوەی پاتریەکە ، ئەگەرنا مەترسی لەکارکەوتن و لەناو چوونی لێدەکرێت !!

بۆیە ئەی مرۆڤ بیرێك بکەوە و سەرنجی ئەم پاتریە بدە ، کەوا ژیانی تۆش بەم شێوەیەیە . وە بەدیهێنەری تۆش یاسەیەك و ڕوونکەرەوەیەکی بۆ یاساکەی کە پێغەمبەرە ﷺ ناردووە ، بەڵام دەبینین زۆرێکمان بێ ئاگاین لەو ڕاستیە، و قورئان و سوننەت کە یاساو ڕێسای ژیانن - کەوتووینەتە سەرپێچی و بێ فەرمانی کردنی پەروەردگار و نێردراوە مەزنەکەی ﷺ !! خۆ دڵنیاشبە لەکاتی سەرپێچیکردنت سەرەنجامت لەو پاتریە باشتر نابێت کە بارگاوی ناکرێت بەگوێرەی ڕێنماییەکان !! بۆیە باشتر وایە تێ بفکریت و بیر بکەیتەوە و شوێن ئەو ڕێساو یاسایانە بکەویت کەوا خوای پەروەردگار بۆ ئێمەی ناردووە کە ( قورئان و سوننەتە پیرۆزەکەی پێغەمبەرە ﷺ ) .

گەیشتین بەچی ؟ .... وەرە باپێتی بڵێم بەچی گەیشتین : گەیشتین بەوەی کەوا دەبێت بۆ ئەوەی وەکو پاتریەکە ، ژیانێکی باش و دوورت هەبێت لە ناخۆشی و خەم و خەفەت لەم دونیایەدا کە تەنها بۆ تاقی کردنەوەی مرۆڤەکان دروستکراوە ، پێویستە شوێنی ئەو ڕێساو یاسایانە بکەویت کە بەدیهێنەری تۆ و هەموو ئەم جیهان و ئاسمان و بوونەوەرە بۆ تۆی داناوە بۆ ئەوەی لەم دونیایە سەرکەوتوبیت ، وقیامەتیش بەدەست بهێنیت . ئەوەتا خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ وَمَاخَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ « الذاريات/٥٦ ». واتە : درووستم نەکردوون جن و مرۆڤ ئیللا بۆ پەرستنی خۆم و فەرمان بەرداربوونم نەبێت . ئەمە لە کوێدا هاتووە ؟ لە دەستوورەکەی ژیانت کە قورئانە پیرۆزەکەی خوای پەروەردگارەو یاسا و ڕیسای ژیانمانە - ئەوە گەورەترین ڕێسای ناو دەستووری ژیانت بوو ، بۆیە وریابە !

دەبینین لەم لاو لایەك ڕاست دەبێتەوە و قسەیەك دەکات ، و یەکێکیتریش ڕاست دەبێتەوە قسەیەکی تر ، ئەو دەڵێت : وەرە ئەوەیە ژیان با پێی پێ بکەنین !! کە ئەوە قسەی یەکێك لەبەناو هونیارەکانە . و یەکێکیتریش دەڵێت دنیا فشەیە !! کە ئەمەش قسەی هەندێك لە خەڵکی فەقیر حاڵی خۆمانە ! وە بێگومان ئەو وتانە نا شەرعین وپێچەوانەی ڕێسا و یاساتن ، بەڵکو تۆ تا ئێستا نازانیت مانا و مەبەستی ژیان چیە ، کەچی بەم شێوەیە دێیە گۆ !! بزانەو دووبارەی دەکەمەوە کەوا خوا لە قورئانە پیرۆزەکەیدا دەفەرموێت : ﴿ وَمَاخَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ « الذاريات/٥٦ ». واتە: فریشتە و مرۆڤم دروست نەکردووە ئیللا بۆ پەرستنی خۆم نەبێت . کەواتە دنیا فشە نیە ، فێرخوازی سەنگین ، بەڵکو مەبەستێك هەیە لە پشت دروستکردنی ئەم بوونەوەر و گەردوونە .

جا ئاگات لە خۆت بێت ، فێڵت لێنەکرێت ، لەو شتەی کە

لە دەستووری ژیانتدا نەنوسراوە و لە سوننەتە پیرۆزەکەی پێغەمبەر ﷺ دا نەهاتووە بە قسەی خۆش و ئەملاو ئەولا بۆتی خۆش نەکەن و نەی شەرعێنن !! بەڵکو تەنها شوێن ئەوە بکەوە کە خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ پێتی دەڵێن ،چونکە ئەگەر بێتو یەکێك پێت بڵێت گوێ مەدە ئەم دەستوورەی کە لەگەڵ مۆبایلەکەت دایەو تەواو نیە بە ئارەزووی خۆت ئیش لەگەڵ مۆبایلەکەت بکە و پاترییەکەی بارگاوی ( شـــحن ) بکەرەوە ، ئەوا دەبینیت چۆن ئەو پاتریەی لەسەر مۆبایلەکەیە و وە مۆبایلەکەش بەشی دوو ڕۆژ ناکات ، بەڵکو لە ناو دەچێت و لەکاردەکەوێت ، تۆش ئاوات لێ دێت .. بۆیە ووریابە وەکو ئەم پاترییە لەکار نەکەویت .

**سەردار عبدالله ز.کویە زمانی ئینگلیزی**

## ئاگات لە ساتی کۆتایی بێت!!

بەڕاستی بەشی مرۆڤ لە دونیا تەمەنەکەیەتی ، جا کە بە باش بەکاری بێنێ لەوەی سودی ماڵی هەمیشەی پێ دەگەیەنێ ئەوا قازانجی کرد لە بازرگانییەکەی ، خۆ ئەگەر بە پێچەوانەشەوە بێت ئەوەیە خراپ بونی کۆتا سات ، ئەو کاتەش لە زەرەرمەندان دەبێت . ئای چەند داد و پەشیمانی هەیە لە ژێرگڵ !! بۆیە هۆشمەند و زرنگ ئەوەیە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەرونی خۆی کردبێت پێش ئەوەی پەروەردگار موحاسەبەی بکات ، وە لە گوناهەکانیشی بترسێت پێش ئەوەی ببنە هۆی بە هیلاك چوونی ، چەند کەس سوربوە لەسەر گوناهە بچوکەکان و پێیانەوە هوگربوە بەڵکو بەلاشیەوە سوك و کەم بوون ، و ڕۆژێکیش بیری لە گەورەیی ( الله ) نەکردوتەوە ، بۆیە بوتە هۆی سەرەنجام خراپ بونی . ئەنەس رضي الله عنه دەفەرمووێت : ئێوە کارگەلێك دەکەن کە بەلاتانەوە باریك ترە لە موو ، کەچی ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ لەگوناهە لەناوبەرەکانمان دەژماردن !!

خوای گەورە هەموو ئیمانداارانی وریا کردوتەوە لەسەر گرنگی دوا سات باشی، وەکو فەرموویەتی:﴿ يَا أَيُّهَا الَّـــذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ﴾ آل عمران: ١٠٢ وە دەفەرمووێ : ﴿ وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّى يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ﴾ لحجر: ٩٩. فەرمان بە خۆپارێزی و عیبادەت کردن بەردەوامە تا مردن بۆ دەسکەوتنی دوا سات باشی .

پێغەمبەریش ﷺ ڕونی کردوتەوە کە هەندێ لە خەڵکی کۆشش دەکات لە کردەوە کردن و دوور دەکەوێتەوە لە گوناه ساتێکی زۆر لە ژیانیدا ، بەڵام کەمێك پێش وەفاتی گوناه و تاوان دەکات کە دەبێتە هۆی سەرەنجام خراپی : ( إن الرجل منكم ليعمل بعمل أهل الجنة حتى لا يكون بينه و بينها إلا ذراع فيسبق عليه الكتاب فيعمل بعمل أهل النار فيدخل النار ) ( الجامع الصغير وزيادته : ١ / ٢٤٣ ) .

هەمیشە هاوەڵان رضي الله عنهم وێنەی عەلی کوڕی ئەبوطالب رضي الله عنه لە هیوا درێژی و شوێنکەوتنی ئارەزوو ترساوە وفەرموویەتی : هەرچی پشوو درێژیە ئاخیرەتت بیر دەباتەوە ، وشوێنکەوتنی ئارەزوش ڕێگریت دەکا لە شوێنکەوتنی هەق و ڕاستی . وە دەیفەرموو : بێگومان دونیا پشتی هەڵکرد و ئاخیرەتیش بە خێرایی دێت ، وە بۆ هەر یەکێکیشیان ڕۆڵەی خۆی هەیە ، جا لە کوڕانی ئاخیرەت بن نەك لە ڕۆڵەی دونیا ، بەڕاستی ئەمڕۆ کارکردنە بێ لێپرسینەوە و سبەش لێپرسینەوەیە و کار کردن نی یە . لەڕاستیدا پێشینی چاکمان زۆر لە ئاخیرەت شەڕی دەترسان ئەوەتا ( سەهلی تەستوری ) هاوڕێکانی لەوە دەترسێنێ و خواش لە وەصفیاندا دەفەرمووێت :﴿ وَقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ ﴾ (المؤمنون: ٦٠). بۆیە پێویستە خراپبوونی دواساتت لە بەرچاو بێت لە هەموو ساتێکدا لەبەرئەوەی ترسان هاندەری کارکردنە . بەڵام کە وەفاتی یەکێك نزیك بوەوە با لایەنی هیوا و ئومێدی زاڵ کا بەسەر ترسەکەی ، وە تامەزرۆی بینینی خوا و دیداری ببێ ، چونکە هەرکێ حەز لە دیداری خوا بکات، ئەوا خواش حەزی لە دیداریەتی . پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی : باکەسێك لە ئێوە نەمرێت ئیللا گومانی باش بە خوا ( عزّوجـــلّ ) ببات . " لا يموتن أحدكم إلا وهو يحسن الظن بالله "رواه مسلم .

بەڵام زۆرێك لە موسڵمانان پاڵیان داوەتەوە بە بیانوی فراوانی ڕەحمی خوا و عەفو و لێخۆشبوونی !! بۆیە ئەوەش ڕاپێچ و پەلکێشی گوناه و تاوانی کردوون ، بێگومان ئەوەش نمونە هێنانەوەیەکی خراپە !! بەڵێ خوا لێخۆشبووی بە ڕەحمە ، بەڵام سزاشی بە ئێشە..!!

**جیهاد قادر عەلی..دەرچووی عەرەبی**

## ئاکەی ... خۆمان دەخەڵەتێنین ؟!

لەکاتیکدا کە دەزانین راستی چی یە!! ژین مانای چییە و بونمان بۆچی یە!! ناتوانین پەی ببەین بۆ خۆشەوستیت! چونکە ئاوا دڵ لە ئارەزوەکانی دەوەستێت !!

﴿ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ ﴾ ( الأنبياء : ٨٧ ) ، ئـە ی خودایـە ببـورە لـە کاتیکـدا لـە تـاك و تـەنهایی و بێگەردی تۆ دڵنیاین بەڵام بەتەواوی ملکەچی فرمانەکانت نابین..! زۆرێك لە ئێمە دەمانەوێت ئەو شتانەی کە دەیکەین قەناعـەت بـە دەوروبـەر بکـەین کـە ڕاسـتن بـەڵام لەکاتێکـدا ئەگـەر بـە وردی بیری لێ بکەینـەوە خۆمـان قبـوڵی ناکـەین، ئەی چۆن خودای گەورە ڕازی بکەین بەو کردەوانە..؟! تەنها دەمانەویت خۆمان لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر پەروەردگار بشارینەوە و وادابنێین کە ئەو ئاگاداری ئێمە نیە ..!!!!

زۆرێك لە ئێمـە واهەست دەکەن کە جێ بە جێ کردنی فرمانەکانی پەروەردگار بۆ خودایە بەڵام باش بزانە کە ئەو هیچ پێویستیەکی بەئێمە نیە ، ئەو شتانەی دەکـەین تـەنها بـۆ خۆشـی خۆمانـە، وە هەڵبـژاردنی دواڕۆژمانـە ئـەو خـۆ خەڵەتاندنانەش چەند جۆرێك دەگریتەوە کە ئەمانەن :

١ . زۆرێـــك لـــە خـــەڵکی دەگرێتـــەوە کـــە زۆرێـــك لـــە فرمانەکانی خودایان پێ باشە و جێ بە جێی دەکەن بەڵام ئەوانی تر لەگەڵ ئەو و سەردەم ناگونجێت ڕای وایـە ئەو شتی باشتر دەزانێت و لەگەڵ ئێستادا دەگونجێت !!

ئایـا ئەگـەر یـەکێك قـەرزاری تـۆ بێـت و بتـەوێت بچیت قەرزەکەت وەربگریتەوە ڕازی دەبیت گەر نیوەیت بدەنەوە و بڵێن دەبێت چاوپۆشی لـە بڕەکـەی تـر بکـەیت؟! ئایـا لـەم کاتەدا هەست بەچی دەکەیت و دەتەوێت چی بکەیت ؟ ئایا بەندەیەکی وەك من و تۆ چییە بەرامبەر بە پەروەردگار کە نیوەی فرمانەکانی جێ بە جێ دەکەین و نیوەشی ئەنجام نادەین کەچی ئەو هەرمیهرەبانە ، وابیرنەکەیتەوە کە هیچی پێناکرێت بەڵکو ئەو بەزەیی بە تۆدا دێتەوە نایەوێت بەو کەم و کوڕیانەوە بتباتەوە چونکە دەزانێت کە خۆشیەکانی دونیا واخەیاڵی بۆ کردویت هەروەك دەفەرموێت : ﴿لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ ﴾ ( المنافقون : ٩ ) .

٢ . ئەم جۆرەیان لایان وایە کە جێ بە جێ کردنی فرمانە کانی پەروەردگار گرنگ نیە تەنها داوێن پیسی و قەتل مەکە ئیتر بەسە دەڵێنـە خـەڵکی ئـەم خـۆ هـیلاك بوونـەی ناوێـت بۆچـی خۆتـان دەخەڵـەتێنن بـەڵام بـاش بزانـە تـۆ خـۆت خەڵەتاویت نە ئەم و ئەو !! ئایا گەر تۆ منداڵێك یاخوشك یا برایەکی بجوکت هەبێت ئەگەر کاری خراپ نەکات وشتیش نەشکێنی بەڵام هەر چیەکت پێ وت جێ بە جێ ی نەکات وە هەندێکیشی بەپێچەوانەی ویستی تۆ بێت بۆ نموونە پێی بڵێیت دانیشە ئەو هەستێت یا بڵێیت مەڕۆ ئەو بڕوات ئایا لـەم کاتـەدا هەسـت بەچی دەکـەیت ؟ مەبەسـتم لێـرەدا ئەوەیـە کـە تۆزێـك ورد بیـت لـە وتـەکان و بڕیارەکانـت، تـۆ بەیانی ڕووبەڕوی زاتێك دەبیتەوە، دەبێت لە ئێستا وەڵامێك بـۆ جـێ بـە جـێ نـەکردنی فرمانـەکانی بدۆزیتـەوە ئەگـەر دەسـتت کـەوت ؟! چـونکە خـودای گـەورە زوتـر ئاگـاداری کردوینە وە و دەفەرمویت : ﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى ﴾ ( طه : ١٢٤ ) .

٣ . ئـەم جۆرەیـان ئەوانـە دەگرێتـەوە کـە نـە باوەڕیـان بەخودا و دروستکراوەکانی هەیە دەڵێن دونیا لە خۆیەوە دروسـت بـووە کـەس خـاوەنی نییـە !!! مـن نامـەوێت لێـرەدا درێژە بە بابەتەکە بدەم تەنها دەمەوێت باسێکتان بۆ بکەم مامۆسـتایەکی زۆر زیـرەك هـەبوو هاوڕێیـەکی بـێ بـاوەڕی هـەبوو زۆر جـار بـە یەکـەوە گفتوگۆیـان دەکـرد ڕۆژێـك بـێ باوەڕەکـە لـە شـوێنێکی زۆر خـۆش مامۆسـتاکەی دەعـوەت کـرد لـە کـاتی قسەکردندا بـە مامۆستاکەی وت خۆزگـە تـۆ باوەڕت بە خودا نەدەبوو، نازانم تۆ بەم هەموو زیرەکیەتەوە چۆن وا گومـان دەبـەیت کـە ئـەو دروسـت کـاری جیهانـە؟! مامۆستاکە کەمێك بێدەنگ بوو دواتـر هەسـتایە سـەرپێ و هاواری کرد: وای چۆن ئەم مێزی خوانە دانرا و ڕازایەوە! وای چۆن ئەم گوڵدانە لە خۆیەوە دروست بوو لێرە.. هتد.

بـێ باوەڕەکـەش : هـاواری کـرد و وتـی بەسـە بـەس، بێدەنگ بە ئیتر تۆ شێت بووی شێت ، کە پێش ئەوەی تۆ بێـت ئەمانـە لـیرە بـوون خـۆم دام نـاون چـۆن لـە خۆیـەوە دروست بوو؟!! بەڵام تۆ بەڕاستی شێت بویت مامۆستاکەش وتی تۆ بەمن دەڵێت شێت کە تەنها دەڵێم مێزێك و گوڵدانێك لـە خۆیـەوە دروسـت بونـە! بـەڵام تـۆ دەڵێیـت ئـەم دونیـا گەورەیە لە خۆیەوە دروست بووە ئایا من شێتم یا تۆ !؟ بێ باوەڕەکەش کەمێك بێدەنگ بوو دواتر وتی: ڕاست دەکەیت

ئێمەش دەڵێین ئافەرین بۆ تۆ مامۆستا بەڕاستی ڕاست دەکەیت .

**سروین بلباس.سلیمانی .ك.ت.ئەندازیاری**

**چین ئەو وانانەی کە لە بەسەرهاتەکەی کەعب (رضي الله عنه) وەردەگیرێن ؟**

لەکاتێکی گەرمی ساڵی نۆیەمی هجری کە ساڵی قات و قڕی و وشکە ساڵی بوو پێغەمبەر ﷺ هەواڵی پێگەیشت کە هرەقلی پادشای ڕوم لە خۆکۆکردنەوەدایە بۆ جەنگ دژی موسڵمانان ، لە بەرامبەردا وەکو تاکتیکێکی سەربازی لە کاتێکی کەمدا فەرمانی بە ئامادەکردنی سوپاکرد وە پێی ڕاگەیاندن کە دەیانەوێت جەنگی ڕوم بکەن ، وە فەرمووی : (( من جهز جيش العسرة فله الجنة )) ، واتە : هەر کەس سوپای کاتی تەنگانە ئامادە بکات دەچێتە بەهەشتەوە ، ئیمامی عثمان رضي الله عنه ئامادەی کرد، بە هەر حاڵ سوپا بە سەرکردایەتی محمد ﷺ بەرەو تەبوک بەڕێکەوتن کۆمەڵێك خەڵك خۆیان شاردەوە و دواکەوتن ، کە گەیشتنە تبوك پرسیاری کرد دەنگ و باسی کعبی کوڕی مالك چییە ؟ یەکێك ووتی : بە هۆی لە خۆڕوانین و جل و بەرگەکەی و لەخۆبایی بوونەوە دواکەوتووە ، معاذی کوڕی جبل پێی ووت : خراپت ووت سوێند بەخودا ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ لە خێر و باشە زیاتر هیچی تر لەبارەیەوە نازانین ، پێغەمبەر ﷺ بێدەنگ بوو ، کە سوپاکە گەڕایەوە هەموو دوڕووەکان هاتن هەریەکە بە درۆیەك پاساویان بۆ دواکەتنەکەیان هێنایەوە ، تەنها کەعبی کوڕی مالك و دوو هاوەڵی تری ئەنصاری ڕاستیان گووت و وتیان هیچ بیانویەکمان نەبوو لەوەی کە دواکەوتوین ، فەرمانی کرد کە کەس قسەیان لەگەڵ نەکات و دوای تێپەربوونی چل ڕۆژ فەرمانیان پێکرا لە خێزانەکانیان بەدوور بن ، کەعب دەڵێت : لەم کاتەدا نەبەتیەکی( قبطـي) خەڵکی شام نامەیەکی لە پادشای غسانەوە بۆ هێنام کە بیستبوی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵان قسەم لەگەڵ ناکەن کە تێیدا داوای لێکردبوو بچم بۆ لای ئەوان کە دڵم بدەنەوە و بەرپرسیارێتیم پێبسپێرن !!! لای خۆمەوە وتم ئەمەش فیتنەیەکی ترە ، لام بەلای تەنورەکەماندا کردەوە و دڕاندم و فڕێم دایە ناوی ، لە نوێژی بەیانی ڕۆژی پەنجاهەمدا وەك خودا دەفەرموێ : ﴿ ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ﴾ (التوبة:١١٨) واتە : زەوی بەو هەموو فراوانییەی لای ئەوان تەسك و تەنگ بووبووە وە ، یەکێك بە دەنگێکی زۆر بەرز هاواری کرد ئەی کەعب مژدەبێت سوژدەیەکی شوکرم بردوو و زانیم ڕزگارم بوو دوای نوێژی بەیانی پێغەمبەر ﷺ ڕوخسەتی خەڵکی دا قسەمان لەگەڵ بکەن دوای ئەوە خەڵك هاتنە پێشوازیم و پیرۆزباییان لێکردم من پێش هەردوو هاوەڵەکەم کەوتم ئەو کەسەی بەدەنگی بەرز و بەخێرایی مژدەکەی پێڕاگەیانم جلەکەی بەرم داکەند و لە بەریم کرد جگە لەوەشم نەبوو جلم بەئەمانەت هێنا و ڕۆشتمە مزگەوت یەکەم کەسێك لە کۆچەرییەکان کە بەخێرایی بەرەو ڕووم هات و تەوقەی لەگەڵ کردم و پیرۆزبایی لێکردم طلحة بوو ئەو هەڵویستەی طلحةم هەردەم لەیاد بوو ، کاتێك سلاٌوم لە پێغەمبەر ﷺ کرد نێو چاوانی دەدرەوشایەوە و فەرمووی : مژدەبێت ئەی کەعب بەباشترین ڕۆژ بەسەرتدا تێدەپەرێت لەوەتەی لەدایك بوویت ووتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەم مژدەیە لە خۆتەوەیە یان لە خوداوەیە فەرمووی : لە خوداوەیە .

فێرخوازی ژیر و هۆشیار : ئەگەر بمەوێت مافی ئەم بەسەرهاتە بەپێزە بدەم لەم چەند دێڕەدا ناتوانم بەلاٌم بەکورتی ئەو وانانەی کە لەم بەسەرهاتەدا قازانجی لێدەکرێت دەژمێرم :

١ . لەسەر خۆ بوون و ئاگابوون لە زمان لە هەموو کاتێکدا ، بەتایبەتی لەکاتی نەهامەتی و فیتنەو ئاشوب ، حوکم نەدانی ستەم کارانە و ڕاستگۆیی و دادوەری لەکاتی قسەکردندا .

٢ . خۆ دورخستەوە و تێکەڵاو نەبوون و هاوڕانەبوون و هاوهەڵویست نەبوون و هاوتانەبوون لەگەڵ ئەو کەسانەی کە فەرمانەکانی ئاینیان بەلاوە گرنگ نییە و بایەخی پێنادەن و باسە هەنوکەیی و چارەنووس سازەکان بە هەند وەرناگرن و گرنگ نییە بەلایانەوە .

٣ . پشت گوێ نەخستن و سستی و تەمبەڵی نەکردن لەو ئەرك و فەرمانەی کە کات و شوین پێویستی دەکەن .

٤ . ڕاستگۆیی لە هەموو کات و ساتێکدا چونکە دەبێتە مایەی سەربەرزی و سەرفرازی دونیا و دواڕۆژ .

٥ . جێگیربوون و نەگۆڕان و سازش نەکردن لە بیروباوەڕ و بۆچون بە هۆی هەر ڕووداوێك، و هەڵویست وەرنەگرتنی خراپ و ئارامگرتن و لانەکردنەوە بەلای بیر و بۆچوون و ڕا لاروچەوت و ناڕاستەکان .

٦ . ئەو بەسەرهاتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کەسێك

لەسەر تاوان و سەرپێچی دەتوانرێت هەجر بکرێت و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا نەکرێت و سەلامی لێنەکرێت و قسەی لەگەڵ نەکرێت ئەگەر زانرا ئەو کەسە بەو شێوازە دەرس وەردەگرێت یان بەتێکەڵاوبوونی موسڵمانان زیانیان پێدەگات .

٧ . نەخەڵەتان و گیرۆدە نەبوون بەپلە و پایەو بەپرسیارێتی لەبەرامبەر سازشکردن لە ئایندا .

٨ . بەگەورە سەیرکردنی تاوان و سەرپێچی خودا و پێغەمبەر ﷺ بەکەم نەزانینی هەرسەرپێچییەك .

٩ . گرنگی هەواڵی دڵخۆشکەر و گەیاندنی بە موسڵمانێك کە جێی مەبەستیەتی .

١٠. سەخاوەتی و دیاری بەخشین سیفەتی موسڵمانن .

١١ . دڵخۆش بوون بەئایین و گوێڕایەڵی خودا و ڕەزامەندی پەروەردگار . **م عثمان أحمد . دەرچووی بیرکاری**

## زانست و کارکردن

الحمد لله ربّ العالمین والصّلاة والسّلام علی رسول الله ، أمّا بعد :

خوێنەری ئازیز مەبەست لە نوسینی ئەم بابەتە زیاتر بریتی یە لە هاندانی ئەوانەی هەوڵی زانستی شەرعی دەدەن وە هەروەها هەوڵی کارکردن بەو زانستە شەرعیە دەدەن ، ئاشکرایە کە زانست و کارکردن هاوشانی یەکترن ، جا تۆش هەوڵبدە خوا بناسیت، و بەو پێیەش کار بکەیت کە پێغەمبەرﷺ و هاوەڵانی کاریان پێی کردوە ! چونکە کۆمەڵانێ هەبوون زانستیان بە دەست هێنا کەچی کاریان پێ نەکرد ، بۆیە زانستەکەیان بویە بەلا بۆیان . ئەوە بزانە کە سەرچاوە بۆ زانستی شەرعی تەنها بریتی یە لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بە پێی تەفسیر و لێکدانەوەی زانایانی بەڕاستی میراتگری پێغەمبەر ﷺ نەك ئەوانەی بە بێ عیلمی شەرعی فەتوا بۆ خەڵك دەدەن و موسڵمانان تووشی لاڕێی دەکەن ! خوای گەورە دەفەرموویت :﴿ هَـذَا بَصَائِرُ لِلنَّاسِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ﴾ الجاثية: ٢٠. واتە : ئەم قورئانە چاو ڕۆشن کەرەوەیە بۆ خەڵکی بۆ ئەوەی ڕاست لە بەتاڵ جیا بکەنەوە وهیدایەتدەر و ڕەحمەتە بۆ خەڵکێك کە دڵنیان لە ڕاستێتی ئەم قورئانە . وە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : ( طلب العم فریضة علی کل مسلم ) صحیح الترغیب الترهیب : ١ / ١٧. واتە : فێربوونی زانستی شەرعی واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێك . کەواتە ئێستا گرنگی زانستت بۆ دەرکەوت کە چ پێگەیەکی گرنگی هەیە لە دیندا ! بۆیە هەوڵبدە کاریش بۆ ئەو زانستە بکەیت ، وە چەند هۆکاریکی یارمەتی دەر بگریتە بەر بۆ بەدەست هێنانی زانستەکە ، بە ڕێکخستنی کاتەکانت و دابەش کردنیان بە ڕێك و پێکی . لە لایەکی ترەوە هەوڵ مەدە کە زانستت بە دەست هێنا لە خۆت بایی بیت !!! چونکە لە خۆبایی بوون بە هۆی زانستەوە ئەنجامی باشی نابێت ، دەبێت هەوڵبدەیت بەم زانستە تەقوای زیاتری خوای گەورە بکەیت ، بە فرمان کردن بە چاکە و نەهی کردن لە خراپە ، لە هەموو خراپەیەك هەر کەسێك کە بیکات ، سەد ڕەحمەت لە پێشینان کە ووتویانە :

ئاگات لە دینەکەت بێت قیامەتی پێوەیە ... ئاگات لە سامانەکەت بێت مەعیشەتی پێوەیە ... ئاگات لە زانستەکەت بێت جوانی پێوەیە . کۆتایی بەم بەسەرهاتە دێنین کە دەربارەی لە خۆبایی بوون بە هۆی زانستەوەیە . دەگێڕنەوە زانایەك چووە شارێکەوە بە خەڵکەکەی ووت : من ئامادەم وەڵامی گرنگترین پرسیاریشتان بدەمەوە . ئیمامی ئەبوحەنیفە لەناو ئامادەبووانداببوو بە زاناکەی ووت : من پرسیارێکت لێ دەکەم ، زاناکە ووتی : پرسیارەکەت چی یە ؟ ئەبو حەنیفە ووتی : ئەو مێروولەی قسەی لەگەڵ پێغەمبەر سولەیمان . علیه السلام . کرد نێر بوو یا مێ ؟! زاناکە بێ دەنگ بوو پاشان ووتی : خوا دەزانێت ! ئەمجا ئەبو حەنیفە پێی ووت : ئەو مێروولەیە مێ بوو ، زاناکە ووتی : بەڵگەت چی یە ؟ ئیمام پێی ووت : لەبەر ئەوەی خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموویت :﴿ قَالَتْ نَمْلَةٌ﴾ النمل: ١٨. بە تای ( تأنیث ) . ئەمجا ئیمام بە کابرای ووت : من نەمدەویست پرسیارت لێ بکەم بەڵام حەزم کرد لە خۆ بایی نەبیت . بۆمان دەربکەوێت دەبێ زانایان ئەوەی کە دەیزانن بیگەیەنن ، چونکە خوای گەورە بەڵێنی لێ وەرگرتوون کە شتەکان بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە و نەیشارنەوە ، وە بزانە کردارە خراپەکان دەردو نەخۆشین ، زاناکان دەرمانن ئەگەر پەنا بە خوا زاناکان خراپ بوون ، ئیتر کێ دەردەکان چارەسەر دە کات ؟!!

**کارمەند محمّد قادر.ز.کەرکوك، ك. پزیشکی**

**ئامانجەكانی ڕۆژهەڵاتناسی** ( بەشی پێنجەم )

خوێنـەرانی بـەڕێز ، فێرخـوازانی خۆشەویـست خـۆم بـە خۆشـحاڵ دەزانم وا جـارێكی تـر دێمـەوە خزمـەتتان ، بـۆ درێژەپێـدان بـە بابـەتی دیـاریكراو : (( ڕۆژهەڵاتناسـی و ڕۆژهەڵاتناسان )) ، تەوەری ئەم جارەی باسەكەشمان بریتی دەبێت لە : (( ئامانجەكانی ڕۆژهەڵاتناسی )) .

**ئامانج و مەرامەكانی ڕۆژهەڵاتناسان بەگشتی ، ئەبێتـە سـێ بەشەوە :**

أ . ئامانجێكی زانستی جێی گومان ، كە كار دەكات بۆ :

١ . گومـان دروسـتكردن لەسـەر ڕاسـتێتی پەیامەكـەی پەیامبەر ﷺ ، لەسەر لەلایەن خواوە بوونی ئەو پەیامە .

جا زۆربـەیان نكوڵی لـەوە دەكـەن كـەوا پەیامبـەر لەلایـەن خـوای مەزنـەوە وەحی بـۆ دابـەزیبێت ، هەربۆیـە تێكـەڵ و پێكەڵی زۆردەكەن لـە تەفسیركردنی ئـەو هـەموو دیاردانـەی دابەزینی وەحی كە لەلایەن هاوەڵانەوە بینراون و بەتایبـەتتر دایكە عائیشە ڕەزای خوای لێبێ .

هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسان ئەو دیاردەیە دەگێڕێنێتەوە بۆ (( پەركەم )) كە ناوبەناو توشی پەیامبـەری خوا ﷺ هـاتوە . هەنـدێكی تریـان دەیگێڕێتـەوە بـۆ هەنـدێك خـەیاڵ كـە مێشكی رسـول الله یـان ﷺ پڕكردۆتـەوە و ئـەو حاڵەتـەی بەسەر هێناوە . هەندێكی تریان تەفسیر و خوێندنەوەیان بۆ ئەو حاڵەتانە بە (( نەخۆشی نەفسی )) كردوە و هەندێكی تریشیان ... هتد . . پەنا بەخوا لەم هەموو قسە بێ بنەما و پوچ وخەیالاویانە .

وەكو ئەوەی خوا سبحانە لەوەو پێش هیچ پەیامبـەرێكی بۆ نەناردبێتن تا تەفسیركردنی دیاردەی دابەزینی وەحیان بەلاوە قورس بێت . جا لەبەر ئەوەی هەموویان یا جولەكەن یان خاچ پەرستن و بڕوایان بە پەیامبەرانی تەورات هەیە ، ئەو پەیامبەرانەش پلەوپایەیان لە پلەو پایەی پەیامبـەری خۆمـان ﷺ كـەمترە ، بـەڵكو دینەكەشـی یـان بـا بڵـێین شــەریعەت و ڕێبازەكەشــی لــە ڕێبــاز و شــەریعەتی پەیامبـەرانی پـێش خـۆی كـامڵترە ، هـەر بۆیـە نكـۆڵی كردنەكەیان بۆ پەیامبەرایەتی پەیامبەر نیشانەی توندڕەوی و تەعـصب ودەمـارگیری كوێرانەیانـە كـە دڵ و دەرونـی زۆرێكیانی پڕكردۆتەوە .

بـەدوای ئەمەشـدا نكـوڵی لـەوەش دەكـەن كـە قورئـان كتێبێكی خوایی بێت و بۆسـەر پەیامبـەر ﷺ دابەزاندبێت . كاتێكیش دەبینن . بەچاوی سەریان نەك بە چاوی دڵیان . قورئان ئەو هەموو هەقیقەتە دەمكوتكەرانەی تێدایە ، وەكو ڕوداوە مێژوییەكانی گەلانی پێشوو كە مەحاڵە شتی وا لـە كەسێكی نەخوێندەوارەوە دەربچێت ، دێن و ئـەو گومانـە ئەبەن كە موشریكە جاهیلەكان لە سەردەمی پەیامبەردا ﷺ بردویانــە ، كــەوا موحەممــەد ﷺ ئـەم زانیاریانــەی لــە خـەڵكانێكی تـرەوە وەرگرتـوە و ئـەوان ئـەو شـتانەیان فێركـردوە ، لێرەشـدا دیـسانەوە تێكـەڵو پێكەڵیـەكی زۆر سەیر و سەمەرە دەكەن .

كـاتێكیش ئـەو هەقیقەتــە زانـستیە دەمكوتكەرانــە لــە قورئاندا دەبینن كە نە زانراوە و نە كەشفكراوە لە زانستی نوێـدا نـەبێت ، دەیگەڕێننـەوە بـۆ لێهـاتوویی و ژیـری پەیامبەر ﷺ ، ئا بەمەش دەكەونە تێكەڵ و پێكەڵیەكی زۆر سەیرتر لەوانەی پێشو .

٢ . دوای نكوڵیكردنیــان لــە پەیامبــەرێتی پەیامبـــەر و ئاسمانیـەتی قورئـان ، نكوڵی لـەوە دەكـەن ئیسلام ئاینێك بێت و لەلایەن خواوە سبحانە هێنرابێت ، بەڵكو . لای ئەوان . تێكەڵەی هەردوو ئاینی جولەكە و خاچ پەرستە ، لەمەشدا هیچ پاڵپشتێكی وایان نەهێناوەتەوە لێكۆڵینەوەی زانستی پشتگیری بكات ، بەڵكو تەنها كۆمەڵە ئیدديعایەكە .

بەڵگەكیشیان هـەبێت تـەنها بریتیـە لـە هەنـدێك خـاڵ كـە ئیسلام تێیدا لەگەڵ ئەو ئایینانەدا یەك دەگرێت .

ئەوەی جێی سـەرنجە و تێبینی دەكرێت ، ڕۆژهەڵاتناسە جولەكەكان . ئەمسالی جۆڵد تسیهر و شاخت . زۆر سورن لەســەر ئیــددیعاكردنی ئــەوەی ئیــسلام لــە یەهودیــەوە وەرگیراوە و كاریگـەری ئـەوی لەسـەر بـووە ، سـەبارەت بـە ڕۆژهەڵاتناســە مەســیحیەكان ئــەوانیش لــەم ئیدديعایــەدا شــوێنی یەهودیــەكان كــەوتوون ، چــونكە لــە ئــاینی مەسیحیەتدا تەشریعێكی وای تێدا نیە بتوانن گومانێكی وا ببەن كە ئیسلام لەوەوە وەری گرتووە و كاریگـەری كردۆتە سەر ئیسلام .

ئەم قسانەشیان زۆر ناواقعیە ، وەكو ئەوەی پێویست بێت سـەرجەم ئایینـە ئاسمانیـەكان مەبدەئـەكانیان جیاواز و دژ بەیـەك بێـت ، وەكـو بڵـێن ئـەوەی وا دینێكـی دابەزانـدووە جیـاوازە لـەوەی دینـەكانی تـری دابەزانـدوە ، یـانی نـاتوانن

لەوە تێبگەن ، هەم ئیسلام و هەم مەسیحی و هەم یەهودی .. هەمووی یەك خوا دایبەزاندۆتە خوارەوە سبحانە وتعالى ، کەوابوو هیچ سەیر نیە ئەگەر لە کۆمەڵێك شتی وەکو یەك بن . جا ئەوان ناتوانن ئاوها تێبگەن . بەرزی و مەزنی بۆ خوای باڵا لەو وتە پوچانە . .

٣ . گومان دروستکردن لە صەحیحێتی حەدیسەکانی پەیامبەر ﷺ ، کە زۆربەی زانا موحەقیقەکانمان پشتیان پێ بەستوە ، جا بەڵگەش بۆ قسەکانی خۆیان بەو تێ ئاخنین و فەرمودە هەڵبەستراوانە دێننەوە کە حەدیس توشی بووە ، بێئاگا لەو هەموو هەوڵە مەزنانەی زانایانمان کە لەو بوارەدا بێ وێنانە و زانستیانە و مەردانە سەرفیان کردوە بۆ پاڵفتەکردن و جیاکردنەوەی حەدیسی صەحیح لەوەکانی تر ، ئەمەش بە پشت بەستن بە کۆمەڵێك بنەمای زانستی زۆر ورد لە گەڕان و پشکنین ، کە هەرگیز ئەمە لە ئاینەکانی ئەواندا دەیەکی یەکلەدەی ئەمە لە ئاینەکەی ئەواندا نیە بۆ صەحیحێتی کتێبە ئاسمانیەکانیان .

ئەوەشی وای لێکردن ئاوها تێکەڵ و پێکەڵی بکەن و دوور لە هەقیقەتەوە بدوێن و گوللە بە تاریکیەوە بنێن ، ئەو سامانە فیکری و تەشریعیە سەرسوڕهێنەرەیە کە زانایانمان لە هەردوو چاوگی سازگاری قورئان و سوننەتەوە بەرهەمیان هێناوە . جا چونکە ئەوان باوەڕیان بە پەیامبەرایەتی پەیامبەر ﷺ نیە ، هەربۆیە هاتن و وتیان مەعقوڵ نیە هەموو ئەمانە لە خودی موحەممەدەوە بووبێت بە تەنها ، نەخێر بەڵکو ئەمە ئیشی موسڵمانانیشە لەماوەی سێ سەردەمە سەرەتاکەی ئیسلام .

جا گرێ دەرونیەکەی ئەمان ئالێرەدایە کە بڕوایان بە پەیامبەرایەتی پەیامبەر ﷺ نیە ، هەرچی تێکەڵی و پێکەڵی و گومانێکیان هەیە ئا لێرەوە سەرچاوەی گرتووە .

٤ . گومان دروستکردن لە ئاست مەزنی فیقهی ئیسلامی ، ئەو تەشریعە سەرسوڕهێنەرەی کە بۆ سەرجەم گەلان بە درێژیی سەرجەم چەرخەکان کۆنەبووەتەوە ، بەڵام خوای مەزن بە فەزڵ و بەخششی خۆی بەم ئوممەتی ئیسلامەی بەخشیوە .

ئا بەخوا لە دەستیان بەرەوە بوو کە بینیان چەند مەزنە و لە کاتێکدا بڕوایان بە پەیامبەرایەتی پەیامبەر نیە . هەربۆیە هیچیان نەدۆزیەوە جگە لە گومانی ئەوە نەبێت کە ئەم فیقهە گەورە و مەزنە لە فیقهی ڕۆمانیەکانەوە وەرگیراوە یانی لە ئەوانەوە . ڕۆژئاواییەکان . وەرگیراوە . زانایانمانیش مەردانە ئەم گومانە پوچەیان ڕونکردەوە ، تەنانەت ئەوەی کۆنگرەی یاسای مقارن کە لە شاری لاهای بەسترا و بڕیاریان لەسەردا کەوا فیقهی ئیسلامی فیقهێکی سەربەخۆیە و لە هیچ فیقهێکی ترەوە وەرنەگیراوە ، ئائەمە بوو بە دەمکوتکەری عینادەکانیان و قانعکەری بە ویژدانەکانیان ئەوانەی هیچ مەبەستێکی تری غەیرە هەقیان نیە .

بە کورتی ئەمە ئامانجە زانستیەکان بوو کە زۆربەیان هەوڵی لە پێناو دەدەن .

**م . علی محمد خان . دەرچووی کۆمەڵایەتی**

## حیکمەتی لوقمانی حەکیم
## و ژیری ئەبی حازم و ترسی ئەبا غەنیمە

* ڕۆژێك لوقمانی حەکیم لەو کاتەی لەناو کۆمەڵە خەڵکێکدا قسەی دەکرد لەو کاتەدا پیاوێك هاتە لای و پێی ووت : ئایا تۆ ئەو کەسە نیت کە شوانی مەڕەکانی من بوویت ؟ ئەویش فەرووی : بەڵێ . پیاوەکە ووتی : ئەی چی گەیاندتیە ئە شوێنە کە دەتبینم ؟ ئەویش فەرووی : ڕاستگۆیی لە قسەکانمدا و بێدەنگ بوونم لەو شتانەی کە پەیوەندیان بە منەوە نیە .

* ڕۆژێك پیاوێك بە ئەبی حازمی ووت : شوکرانە بژێری چاوەکان چۆن دەکرێت ؟ ئەویش فەرمووی : ئەگەر بەهۆیانەوە خێرت بینی ، ئاشکرای بکە ، وە ئەگەر بەهۆیانەوە شەڕت بینی چاو دابخە و باسی مەکە .

پیاوەکە ووتی : ئەی سوپاسگوزاری گوێیەکان چۆن دەکرێت ؟ ئەویش فەرمووی : ئەگەر بەهۆیانەوە خێرت بیست ، وەری بگرە وە ئەگەر بەهۆیانەوە خراپەت بیست خۆتی لێ دوور بخەرەوە .

پیاوەکە ووتی : ئەی سوپاسگوزاری دەستەکان چۆن دەکرێت ؟ ئەویش فەرمووی : شتێکیان پێ ئەنجام نەدەیت کە بۆ ئەوان نەکراوە ، وە بەرگیری هیچ حەقێکی خوا نەکەیت کە بەهۆیانەوە دەتوانی ئەنجامی بدەیت .

**پیاوەکە ووتی** : ئەی چۆن سوپاسگوزاری ورگ ئەنجا دەدرێت ؟ ئەویش فەرمووی : بەو شێوەیەی کە بەشی

خــوارەوەی خــواردن بێــت و بەشــی ســەرەوەی زانســت و زانیاری .

پیاوەکە ووتی : ئەی شوکرانەبژێری داوێن چۆن دەکرێت ؟ ئەویش فەرمووی : ﴿ وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ فَمَنِ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْعَادُونَ ﴾ ( المؤمنون : ٥-٧ ) .

* **پیاوێـك پرسـیاری كـرد لـە ئـەبا غەنیمـە :** چۆن ڕۆژت كردەوە ؟ **ئـەویش ووتــی :** لە نێوان دوو شت ڕۆژم كردەوە نـازانم كامـەیان باشترە ، تاوانگـەلێك كـە خـوا دایپۆشیوە لەسـەرم و كـەس ناتوانێت بەهۆیانـەوە لۆمـەم بكـات ، وە خۆشەویستیەك كە پەروەردگار خستویە دڵی بەندەكانیەوە و من ناتوانم پێی بگەم .

**م . ڕزگار محمد . دەرچوی ئنگلیزی**

## نامەیەك ... شەیتان پەرستان
### ( كۆتا ئەڵقە )

الحمد لله ، وصلاة و السلام علی حبینا و حبیب الله ، و بعد :

خۆشەویــستان دوای ئــەوەی كــە كورتــەیكمان زانــی دەربــارەی ئــەو بیروبــاوەرە گەنــدەڵ و پیــسەی شــەیتان پەرســتان ، پێویــستە چــەند هەڵوێــستەیەكی موســڵمانانە پیــشان بــدەین ، نــەوەك هەنــدێك كــەمزان و تێنەگەیــشتوو تووشی هەڵە بووبێت و مەفتون بێت بەو بیروباوەرە خراپانە ، بــەڵكو خــودا بیكاتــە هــۆی چــارەی دەردی دەردەداران و زانیاری و چاو ڕۆشنی بێداران ... جا بە پشتیوانی خودای گەورە دەڵێین :

هەڵوێستەی یەكەم : تــەواوی شــوكر وسوپاســی خــودای پەروەردگاری بەسۆز و بەزەیی دەكەین كە هیدایەتی داین و ڕێــی ڕاســت و پــاكی ئیــسلامی پــێ نیــشاندایـن ، هــەروەها سوپاســی دەكــەین كــە ڕێنمــونی كــردین بــۆ ســەر ڕێبــاز و سوننەتی پێغەمبەرەكەی ﷺ .

دووەم : بەڕاستی شیاونیە كەسێك كە بەتەواوی بـاوەڕ و ئیمـانی بـە خـودا و كتێبـەكانی و پێغەمبـەرانی هـەبێت ، كەچی ئاوڕی دابێتەوە بۆ هەر ڕێگەیەكی شەیتانی و لاڕێیی و شــتی بــێ كــەڵك و ناچیــز وەرگرێــت لێیانــەوە . بــەڵكو پێویــستە بــە تــەواوی هــەموو ڕێگــا خــوار و خێــچەكانی شەیتانیان برك بدات و پشتیان تێ بكات . ئەم باسـەش بۆ ئــەوە خرایــە ڕوو كــە ڕێگــەی هاتنــە ژوورەوەی ئــەو فكــرە بۆگەنە بگیرێت بۆ نێو موسڵمانان .

سێ یەم : پوچەڵی ئەو بیروباوەڕەی ئەوان و هاوبیرانیـان كـەوا دەڵـێن ئـەم گەردوونـە هـەر هـەبووە وهـەر دەشـبێت و لــەناو ناچــێت !!! چــونكە بەڕاســتی هــەموو ئاییـنــە ئاسمانیەكان وبەڵگە زانستیەكانیش جەخت دەكەن لەسـەر ئـەوەی كـە گـەردوون دروسـت كـراوی خودایـە و بـەرە لەناوچـوونیش دەڕوات ، ئـیتر ئـەم نامۆیانـە ئـەم قـسە پووچانەیان لە كوێ هێناوە ؟!

چوارەم : قسە پووچەكانیان دەربارەی شـەیتان لەسـەر هیچ بنەمایـەكی زانستی و هـزری بونیـاد نـەنراوە ، بـەڵكو تەنها نیگا و وەحی شەیتانە بۆیان ، ئەمە سەرەڕای ڕوونی بەڵگـەی هـەموو ئاینـە ئاسمانییـەكان دەربـارەی شـەیتانی نەفرەتی ، كە بەڕاستی سەرچاوەی گەندەڵی و گومڕاییە .

پێنجەم : خودی بیروباوەڕەكەیان لەسـەر شـتی گونجا و زانــستی بونیــاد نــەنراوە ، بــەڵكو شــێتی و شــازی و ناسروشتی و خۆ بێ مێشك كردن زیاتر هیچی تر نییە ، وە نیگای شەیتانییە كە ڕێگە نیشاندەر وچاوساغیانە ، ئیتر چ شتێكی بەكەڵكی تێدا هەبێت بۆ مرۆڤەكان ؟

شەشەم : ئـەم بیروبـاوەڕە ئاراسـتە كـراوە بـۆ گەنـدەڵ و دەغەڵ كردنی هـەموو دونیاو ئاخیرەتی مرۆڤـان ، تـۆ بینـە پـێش چـاوی خـۆت كـە مـرۆڤ بگـۆڕێت بـۆ بكـوژ ( قاتـل ) و دەسـت درێژكـەر و فاسـد و خراپـەكار ، هەندێكیان خوێن و گۆشتی ئەوانی تر بخۆن ، ئەوی تر دەست درێـژی بكاتـە سـەر ئـافرەتی ئـەوی تریـان ، ئەمـەیان دزی و فێـڵ لـەوەی تریان بكات ، پاكی لە بەرنامەیاندا نەبێت ، لە فەرهەنگیاندا شـتێك بـەناوی خراپـە و سـنوور بەزانـدن نیـە تـاوەكو لێـی دوور بكەونەوە ، نە هەڵەش هەیە خۆیانی لێ بەدوور بگرن ، نە چاكە هەیە هەوڵی ئەنجامدانی بدەن !

بەڕاسـتی ئـەو دارسـتانەی پڕیـەتی لـە ئـاژەڵی دڕنـدە و كەڵپـەدار زۆر ئـەهوەنترە لـەو شـوێن و مەكانـەی ئـەم نـا چیزانەی تێدایە ، ئاژەڵ لانی كەم دەست درێژی ناكاتە سەر دایكی خـۆی و هـەتكی شـەرەفی ناكـات ...! بـەڵام ئەمانـە نەشەرەف تێدەگەن و نە كەرامەت بەلایانەوە بەنرخە ، نە خۆ پارێزن لە شتی باتڵ و خراپ ..!

جا داواکارم لە پەروەردگار خۆمان و نەوەکانی میللەتی موسڵمانمان بپارێزێت لە هەموو جۆرە کوفر و خراپە و گەندەڵی و بێ کەڵکیەك ، وە لەتاوانەکانی ئێمەش خۆش بێت و هەموو کەسە چاك و باشەکانیش نمونە زۆر بکات ... ئامین .

**بلال جلال فیض الله : ك.پ. کەلار. فیزیا**

**لە وەسێتەکانی :**

## ( لوقمانی حەکیم بۆ کوڕەکەی ) ( یەکەم )

یەکێك لەیاسا هەرە جوانەکان کەخودای باڵا دەست بەمرۆڤایەتی بەخشیوە ئەوەیە کە زۆربەی کات مرۆڤە گەورەکان لەتەمەندا هەڵدەستن بەئامۆژگاریکردن و وەسیەت پێکردنی نەوەکانیان جا چ بەماڵ بێت یاخود بەوتەی جوان و ئامۆژگاری بەنرخ بێت ، ئەوەی کە خستمانە ڕوو دەروازەیەك بوو بۆچوونە نێو وتە بەرز و بەنرخەکانی یەکێك لەپیاوچاکانی سەر ڕووی ئەم زەمینە لەپێشدا وە هەر لەبەر ئەو هۆکارەشە کە خودای گەورە لەقورئاندا زۆربەی وەسیەتەکانی ئەو پیاوە مەزن و دانایەی بۆ ئێمەی ناردۆتە خوارەوە ، ئەویش ( لوقمانی حەکیم ) ە ، وشەی ( حەکیم ) بەواتای دانا دێت لەزمانی کوردیدا ، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك لەناو و سیفاتە جوانەکانی خودای گەورە ( حکیم ) ە ، وە بەو کەسانەش دەوترێت حەکیم کە شتە جوانەکان بەبێ هەڵەو کەمو کوڕی لەشوێنی خۆیدا دادەنێن و جێگیری دەکەن ، وە خودای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا بە ( حەکیم ) باسی کردووە ، وەکو دەفەرموێت : ﴿ وَلَقَدْ آتَيْنَا لُقْمَانَ الْحِكْمَةَ ﴾ ( لقمان : ١٢ ) ، واتە : ئێمە دانایی و حیکمەتمان بە لوقمان بەخشی .

بەڵام گەر تەماشای قورئان و کتێبە تەفسیریەکان بکەین دەبینین ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە تاکو هەنوکەش ئەوە دوپات نەبووە کە ( لوقمانی حەکیم ) پێغەمبەر بێت یان نێردراو ، بەڵکو تەنها ئەوە باسکراوە کە کەسێکی دانایە و خودای گەورە دانایی و زیرەکی و ژیری پێ بەخشیوە ، بۆیە لەبەر گرنگی ئامۆژگاری و وەسیەتەکانی ئەو پیاوە دانایە حەزمکرد هەرجارە و وەسیەتێکی بنوسم و بەپشتیوانی خودا ڕاڤە و شیکردنەوەی لەبۆ بکەم بەهیوای ئەوەی هەم بۆ بەندەو هەم بۆ ئێوەی بەڕێزیش ببێتە چاوڕۆشنیەك و ببێتە دەروازەیەك بۆ ڕزگاربوون لێی و دەرچوونمان لەدونیای شیرك و تاریکی کوفرو ناخۆشی و بێئاگای لەدینە جوان و پیرۆزەکەی ئیسلام ، یەکێك لەوەسیەتەکانی ئەوەیە کە :

١ . خودای گەورە لەسەر زاری لوقمانی حەکیمەوە دەفەرموێت : ﴿ وَإِذْ قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ وَهُوَ يَعِظُهُ يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴾ ( لقمان : ١٣ ) ، واتە : لوقمان کاتێك ئامۆژگاری کوڕەکەی کرد پێ فەرموو : ئەی ڕۆڵەکەم هیچ کات شەریك و هاوەڵ لەبۆ خودا دامەنێ چونکە شیرك و هاوەڵ بڕیاردان لەبۆ خودا زوڵم و ستەمێکی زۆر گەورەیە .

کەواتە برا خۆشەویستەکانم ، خوشکە ئیماندارەکانم ئەو شتەی کەوا زۆر گرنگە بریتی یە لەیەکخواپەرستی و دوورکەوتنەوە لەپەرستنی هەرشتێك جگە لەخودا ، وە هەر ئەو کارەشە کەمرۆڤ لەکوفرەوە دەکاتە ئیماندار و لەشیرکەوە دەکاتە یەکخواپەرستی ، وە نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە لوقمانی حەکیم یەکەم شت کە بەکوڕەکەی فەرموو ئەویش ئەوە بوو کە کوڕەکەی فێری تەوحید بکات و زیان و خراپی یەکانی شیرکی بۆ ڕوون بکاتەوە کە ڕێنمایی ئەوەی دەکات و بەوەش دەیترسێنێت کە ئەگەر هاوەڵ بۆ خودا بڕیار بدات لە ستەمکارانەو وەکو ئەوان حسێبی لەبۆ دەکرێ .

لەلایەکی تریشەوە دەبێت هەموومان ئاگاداری ئەوەبین کە ئامۆژگاریەکەی لوقمانی حەکیم تەنها بۆ ڕۆڵەکەی نەبووە ، بەڵکو ئامۆژگاری یەکی گشتگیرە و بەهۆی کوڕەکەیەوە ئامۆژگاری یەکەی ئاراستەی هەموو بەندەیەك دەکات و هەر لەو ڕووەشەوە خودای مەزن وتەکانی لوقمان دادەبەزێنێتە سەر پێغەمبەری خودا ﷺ ئەویش بۆ ئێمەی ئیماندار ڕوونی دەکاتەوە ، کەواتە گەیشتینە ئەو خاڵەی کەوا لوقمانی حەکیم وتەکانی تەنها ئاراستەی کوڕەکەی نەکرد بەڵکو بەگوێی هەموو کەسێکی خوێنەر و بیسەری ئەو وتەیەی داو هەموانی بەئاگا هێنایەوە لەبۆ یەکتاپەرستی و بەندایەتیکردنی خودای تاك و تەنها .

ڕوویەکی دیکەی ئایەتەکە کە دەکاتە بەشی دووەمی وەسیەتەکە ئەوەیە کە هاوەڵ بڕیاردان زوڵمە ، دەتوانین بڵێین پەیوەستکردنی زوڵم بەشیرکەوە لەچیدا هاوتان یاخود پەیوەندییان بەیەکەوە چۆن هەیە ؟ لەوەڵامی هەموو

ئەمانەدا دەوترێت : کەسێك کە خودای گەورە دروستی کردووەو ڕۆزی ڕزقی پێبەخشیوە و دەیژێنێت و هەواو ئاوو پێداویستی یەکانی لەبۆ فەراهەمکردووە و هەر ئەو خودایەش دەیمرێنێت و لە ڕۆژی دوایی دا زیندووی دەکاتەوە و لەگەڵ دەیان و سەدان و هەزاران نیعمەت و بەخششی تر کە ئەو خودایە بەو بەندەیەی بەخشیوە لەکاتێکدا تەنها یەك داوای لێ دەکات ئەویش بەتاك و تەنها پەرستنییەتی ئیدی چ مەنتیقێکە ئەو بەندەیە هەموو ئەو خێر و خۆشی یە لەبیر بکات و بچێت کڕنوش و بەندایەتی و پەرستش لەبۆ کەسێك بکات کە وەکو خۆی دروستکراوە ، یاخود شتێکە کە گیانی لەبەردا نیە یاخود خۆر و هەسارە و مانگا و مشك و دار و بەردە ، ئایا ئەوە گەورەترین زوڵم نیە ؟ ئایا ئەو بەندەیە بەدەستی خۆی و بەویستی خۆی مل بەرەو دۆزەخ نانێت ؟

بۆیە برا خۆشەویستەکانم ، خوشکە بەڕێزەکانم تاوەکو خۆمان شارەزا بکەین لەعەقیدە و تەوحید هێشتا کەمەو ئەو وەسیەتەی لوقمانی حەکیمیش با لەگوێ بگرین و خۆمان لەشیرك و کوفر و هاوەڵ بڕیاردان بەدوور بگرین .

**هیوا محمد.دەرچووی.ك.پ.کەلار.بەشی کوردی .**

### هەندێ بەسەرهاتی
### سەردەمی فیرعەون و پەند لێ وەرگرتنی

فیرعەون یەکێکە لەو فەرمان ڕەوا گومڕایانەی کە بەخەڵکی دەیگوت من خواتانم !!! خوای گەورەش موسی ـ علیەسەلامی بۆ نارد بە بەڵگە و موعجیزاتی ئاشکراوە تاخۆی و دار و دەستەکەی واز بێنن لە زۆرداری و بگەڕێنەوە سەر ڕێگای ڕاست ، بەڵام بڕوایان پێ نەکرد و نەگەرانەوە ، خوای گەورە بۆ پەند وەرگرتن توشی نەبونی و وشکەساڵی کردن ، وەك دەفەرموێت : ﴿ وَلَقَدْ أَخَذْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ بِٱلسِّنِينَ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلثَّمَرَاتِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴾ (الأعراف : ١٣٠) واتە : سوێند بەخوا بەراستی ئێمە دارودەستەکەی فیرعەونمان سزادا بەوشکە ساڵی وقاتوقڕی و کەمبوونەی بەروبوومی میوەهات بۆ ئەوەی بیرکەتەوە وپەندوەرگرن . بەڵام وادیارە هیچ پەندێکیان لەم وشکە سالیە وەرنەگرت و بێباکانە بە موسی ـ علیە سەلام ـ یان گوت هەرچیمان بۆ بهێنیت بە بەڵگە و معجیزە تاچاو بەستمان لێبکەی پێی ئەوە ئێمە هەربڕوادارنین بەتۆ .

بەڵێ براو خوشکی بەرێز دەزانی هۆی ئەو نەبارینی بارانە و بەرزبونەوەی پلەی گەرمیە چیە ؟ هۆیەکەی گوناهوتاوانە ، ئایا تۆ موحاسەبەی خۆت دەکەی ؟ خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ وَقَالُواْ مَهْمَا تَأْتِنَا بِهِۦ مِنْ ءَايَةٍ لِّتَسْحَرَنَا بِهَا فَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ ﴾ (١٣٢ : الأعراف) ، واتە : دەیان وت بە ( موسا ) هەر معجیزەیەکمان بۆ بهێنی بۆ ئەوەی جادوومان لێبکەی ئەوە ئێمە باوەرت پێناهێنین . ئەوسا خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ : ئەوسا ئێمەش ناردمانە سەریان لافاو و کوللە و ئەسپێ و بۆق و خوێن کە چەند بەڵگە و موعجیزەیەکی روون بوون کەچی گەلێکی تاوانبار بوون.

بۆیە تاوان وسەرپێچی لە ناو هەر میلەتێك بڵاوبێتەوە بەو جۆرە موعجیزانە خوای گەورە تاقیان دەکاتەوە بۆ ئەوەی بیربکەنەوە و پەند و عیبرەتی لێوەرگرن . لەسەرەتای سەدەی مژدەمی زاینی بوردیەکی کۆن دۆزراوەتەوە کە حەڤدە لاپەرەیە لەناوچەی ( منفیس ) لەنزیك ئەهراماتی ( سقارە ) لەمیسر ، مۆزەخانەی نیشتیمانی ( لیدن ) لە هۆڵندا لەساڵی ١٨٢٩ز ئەم بۆردیەی کڕیەوە کە بەزمانی هیرۆگلیفی نوسراوەتەوە ، ژمارەکەشی لە مۆزەخانەکەدا (٣٤٤) بە ( بوردیەی ئەیبور ) ناسراوە لەساڵی ١٩٠٨ز لێکۆلەرەوەیەك توانی زمانی هیرۆگلیفی بخوێنێتەوە لە باسی فیرعەون و موسیبەتەکان ئەمانە ئاشکرا بوون :

١ ـ وشکەساڵی : لە لاپەرەی ( ٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥ ، ٨ ، ١١ ) باسی وشکەسالی و وێرانی وڵات کراووە .

٢ ـ خوێن : لە لاپەرە ( ٢ ، ٦ ، ٧ ، ١٠ ) باسی ئەوە دەکات کە ئاوی نیل بووە بەخوێن .

٣ ـ مردنی فیرعەون : لە لاپەرە ( ٢ ، ٧ ) دەڵێ ئەوە فیرعەون نەما لە بارو زوروفێك کە پێشتر شتی وا نە بووە .

هەروەها لە گۆڤاری ( باری ماتش ) ی فەرەنسی دا هاتووە کە تیپێکی پزیشکی فەرەنسی کە لە (١١٢) پزیشك پێکهاتبوون لەسەر زمانی سەرۆکەکەیان دکتۆرە ( کریتسن نیلکۆت ) رای گەیاند کە فیرعەونی میسر لەکاتی ( موسی ) ـ علیە سلام ـ بەخنکاوی گیانی لەدەست داوە ، هەروەك لەقورئان زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر ئاماژەی پێکراوە .

**داناجمعە موشیر. ك.پ.بنەرەتی.کەلار.کۆمەڵایەتی**

### هەنگوین و سوودەکانی

خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ يَخْرُجُ مِنْ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاءٌ لِلنَّاسِ ﴾ (النحل : ٦٩) .

واتە : لەسکی هەنگەوە شلەیەك دێتە دەرەوە کە چەند جۆر و چەند ڕەنگێکە و ئەم شلەیە شیفا و چارەسەری تێدایە بۆ خەڵك .

یەکێك لەو موعجیزانە ئەوەیە کە خوای گەورە شیفا دەنێرێت بۆ خەڵکی بە یەکێك لە سەربازە بچوکەکانی ئەویش بە شلەیەك کە لەسکی هەنگ دەردەچێت .

وە لێرەدا دەبینین خوای گەورە دەفەرموێت چارەسەرە بۆ هەموو خەڵکی ، وە تایبەتی نەکردوە بۆ موسڵمان بەڵکو بۆ هەموو جیهانە ئەمەش بۆ ئەوەیە کەوا زانا بێ باوەڕەکان توێژینەوەی لەسەر بکەن و ڕاستی ئەم دینە حەقەیان بۆ دەربکەوێت کەوایە .

وە خوای گەورە دەفەرموێت شلەیەك لەسکی دێتە دەرەوە نەی فەرمووە ( يخرج عسل ) ، واتە : هەنگوین لەسکی دێتەدەرەوە کە وەك پێشتر باسمان کرد ئەوەی لەسکی دێتە دەرەوە جۆرا و جۆرە ، کە ئەمانەن :

١ . هەنگوین و خواردنی شایانە و هەروەها...

٢ . ماددەی ( العكبر ) کەتیرەیەکە لەدرەختەکان کۆی دەکاتەوە پاشان دەیجوێت و شانەکانی پێ جێگیر دەکات .

٣ . مۆم کە بەشلی لەلەشی دەردەچێت .

٤ . ژەهری هەنگ کە لەگەڵ چزووەکەی دەیدات بە دووژمنەکانیەوە ... وە ئەم ماددانەش لەسەدەی بیستەم دۆزراوەتەوە و زانراوە کە ئەویش یەکێکە لەڕاستیەکانی قورئان کە بۆ ئەو خەڵکە دەرکەوت .

وە هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : (( عليكم بالشفاءين العسلُ و القران )) ، واتە : ئێوە لە کاتی نەخۆشیەکانتاندا دوو چارەسەر بەکاربهێنن، هەنگوین و قورئان .

لەم ئایەت و فەرموودەیەوە بۆمان دەرکەوت کەوا هەنگ ئەو شلەیە لەسکی دەردەچێت چارەسەرە بۆ خەڵکی بزانین چۆن :

مێشهەنگ مێرویەکی بەسود و بێ زیانە ، وە شتێك پاك نەبێت نایخوات ، هەروەك چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : (( مثل المؤمن كمثل النحلة لا تأكل إلا طيبا ولا تضع إلا طيبا )) ، واتە : نموونەی ئیماندار وەکو هەنگ وایە خواردنی پاك نەبێت نایخوات وە ئەوەیش کە دایدەنێت هەر پاکە .

**هەنگوین لەچەندین ماددەی سودبەخش پێکهاتوە لەوانە :**

١ . شەکر : شەکرەکان جۆرێکن لە کاربۆهیدرات و دوو بەشی سەرەکیان هەیە کە ئەویش شەکری تاکی و شەکری دووانی ، وە شەکری هەنگوین لە هەردوو جۆری کلوکۆز و فرەکتۆز پێکدێت کە هەردووکیان شەکری تاکین و نزیکەی ٧٦٪ی هەنگوین پێك دێنن وە شەکری سوکەرۆز کە شەکری دووانیە ١٪ی پێکهاتەی گشتی هەنگوین پێکدێنێت

٢ . ئاو : ئاو ٢٠٪ی پێکهاتەی هەنگوین پێکدێنێت بونی ئاو لە هەنگوین بەم ڕێژەیە گرنگیەکی زۆری هەیە ، چونکە ئەگەر ئاو لەو ڕێژەیە زیاتر بووایە لە هەنگویندا ئەوا دەبوە هۆی بۆگەن کردن و تێکچونی هەنگوینەکە چونکە هەنگوین ماددەی خومرەی زۆری تێدایە کە زۆر حەزیان لە شەکرە .

٣ . ڤیتامینەکان : هەنگوین چەند جۆرێك ڤیتامینی تێدایە وەك ڤیتامین A،B، (K) کەڕێژەیان زۆر کەمە ، وە بەپێی جۆری هەنگەکە دەگۆڕێت وە هەندێکیان ڕێژەیەکی زۆر ڤیتامین c تێدایە .

٤ . ئەنزیمەکان : لەهەنگویندا چەندین جۆر ئەنزیم هەیە ، لەوانە ئەنزیمی (Invertase) کە لە هەموویان زۆرترە وە فەرمانی ئەم ئەنزیمە تێکشکانی شەکری دووانیە بۆ یەکی ، وە هەروەها ئەنزیمی (Catalase) کە هەڵدەسێت بە گۆڕینی ماددەی (Hydrogen Peroxide) بۆ ئۆکسجین و ئاو .

٥ . کانزاکان : ڕێژەکەی بەپێی جۆری هەنگەکە دەگۆڕێت وەکو هەنگوینی ڕەنگ کاڵ و ڕەنگ تۆخ .

٦ . پرۆتینەکان : هەنگوین نزیکەی ( 0،5) ی پرۆتینی تێدایە ، وە چەندین جۆری تری ترشی ئەمینیەکانی تێدایە کە هەموویان لە شیلەی گوڵەکانەوە وەرگیراون .

پاك و بێ گەردی بۆ خوای گەورە شلەیەك لە سکی مێروویەکی بچوك دەردەچێت و لەو هەموو ماددە بەسودانە پێکهاتبێت بۆیە خوای گەورە لەقورئاندا باسی دەکات !!

هەربۆیە زۆرێك لە توێژینەوە تاقیگەییەکان لەم دواییەدا پشت ڕاستی ئەو فەرموودەیەی خوای گەورەیان بۆ دەرکەوتووە کەوا بەڕاستی چارەسەرە بۆ خەڵك ، بۆیان

دەرکەوتوه کەوا هەنگوێن کاریگەری دژه میکرۆبی تێدایه دەتوانێت میکرۆب لەناو بەرێت ، وه بۆ لەناوبردنی بەکتریا بەکارهاتوه ، وه بەتاقیکردنەوه سەلمێنراوه کەوا هەنگوێن کاریگەری هەیه لەسەر جۆره کەڕوویەك کە نەخۆشی لە لەشی مرۆڤدا دروست دەکات ، وه هەروەها بەتاقیکردنەوه سەلمێنراوه کەوا هەنگوێن چارەسەره بۆ هەوکردنی گەدە و ڕیخۆلە و سکچوون ، هەروەها هەنگوێن بەکارهێنراوه بۆ ساڕێژ کردنەوەی برینی نەشتەرگەری ، وه هەروەها بۆ چارەسەری نەخۆشی تەنگەنەفەسی بەکارهێنراوه ، وه بۆ چەندەها نەخۆشی تریش..



**خالد حسێن کریم. پزیشکی ڤێتێرنەری سلێمانی**

**کورتەیەك لە :**

**باسی زیکری خوا و شوکرانە بژێری**

دین بیناکراوه لەسەر دوو بنچینه :

١ . الذكر : زیکری خوا .

٢ . الشكر : شوکرانە بژێری .

کەواته : ئەو دووانه ( الذكر ) و ( الشكر ) کۆکەرەوەی دینن ، چونکە بەزیکرکردنی خودا مرۆڤ دەگات بە خواناسی ، شوکرانە بژێریش گوێڕایەڵی و بەندایەتی خوای لە خۆ گرتووه .

خوای گەوره دەفەرمووێ : ﴿ فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ وَاشْكُرُواْ لِي وَلاَ تَكْفُرُونِ ﴾ ، واته : ئەگەر یادی من بکەن منیش یادی ئێوه دەکەم ، وه شوکرانە بژێری من بکەن کوفرانەم مەکەن .

پێغەمبەر ﷺ بە ( معاذ ) ی فەرموو (( والله إنِّي لأُحِبُّكَ فلا تنسى أن تقول دُبُر كُلِّ ، اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ )) ( صحيح : رواه النسائي (٣/٥٣) ، و أبو داود (١٥٢٢) ، و أحمد في المسند (٥/٢٤٥و٢٤٧) ، واته : سوێند بەخوا . ئەی(معاذ) . من تۆم خۆش دەوێت ، لە بیرت نەچێ لە دوای هەموو نوێژەکانت بڵێ : خوایه یارمەتیم بده لەسەر یاد کردنت و سوپاس کردنت و چاك پەرستنت .

زیکری خوا:

جا مەبەست بە زیکری خوا تەنها زیکر نیه بە زمان ، بەڵکو مەبەست بە زیکری دڵ و زمانیشه .

زیکرو یادی خوا هەمووی دەگرێتەوه : یادکردنی ناو و سیفاتەکانی خوا و ئەنجامدانی فەرمان پێکراوەکان و وازهێنان لە قەدەغەکراوەکان و قورئان خوێندنیش دەگرێتەوه .

ئەم یادکردنه بەم شێوه سەردەکێشێت بۆ ناسینی خوا و ئیمان پێهێنانی و ناسینی سیفاته بەرز وبڵندەکانی و سوپاس و ستایش کردنی بە هەموو جۆرێك ، ئەمانەش تەنها بە یەکتا بەرستی خوا پتەو دەبێت.

پەسەندی کۆبونەوه لە کۆڕەکانی یادی خوا : لەئبینو عومەرەوه هاتوه خوای لیێ ڕازی بێت هاتووه کە دەفەرموێت : پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ( إذَا مَررْتُم برِيَاضِ الجَنَّةَ ، فَارتعُوا ، قَالُوا : وَمَا رِياضُ الجَنَّةَ يَا رَسُولَ اللّه ؟ قَالَ : حلَقُ الذّكر ، فإنَّ لله سَيَّارَات مِنَ المَلائكَة يَطلُبُونَ حلَقَ الذّكر، فَإذَا أتوا عَلَيهِم حَفُّوا بِهِم ) ، واته کاتێ بەلای باغچەی بەهەشتدا تێپەڕین لابدەن ، ووتیان : ئەی نێردراوی خوا باغچەی بەهەشت چیه ؟ فەرمووی : هەلقەکانی یادی خوا ، چونکه خوای گەوره فریشتەی گەڕۆکی هەیه ئەگەڕێن بەشوێن هەڵقەی یادی خوادا ،جا کاتێ ئەیان دۆزنەوه چوار دەوریان ئەدەن ..

زیکر کردنی ڕاستەقینەی خوا بەم شێوەیه دەبێت ، بۆیه دەبێت مرۆڤ لەقورئان و سونەتەکان دەرنەچێت و زیادەڕەوی یان کەم ڕەوی تیا نەکات ، ئەگەر دڵ بە هەق ئاسودەو دڵنیا بوو بەرەو ڕەوشتی بەرز ئەچێت و ئەو ڕێگایه ئەگرێت بێ ئەوەی هەواو ئارەزوو لای پێ بکاتەوه ، ئالێرەوه پلەو پایەی ( زیکر ) گەوره ئەبێت و گرینگی یەکەی دەرئەکەوێت لە ژیانی ئادەمیزاد دا ، جا معقول نیه کە ئەم ئەنجامانە تەنها بە ووتەیەك بێتە دی کە زمان ئەیڵێت ، چونکه جوڵانی زمان کەم سوده ئەگەر جێی خۆی لە دڵدا نەکردبێتەوه و لەگەڵیا نەگونجابێت .

شوکرانە بژێری :

دەبێت مرۆڤ لە هێندێ مانای جوانی زاتی خوا تێ بگات ، چونکە مرۆڤ بە ڕێگای ناسینی دروستکراوەکانی خوا سیفاتەکانی خوا دەناسێت ، لە ڕێگای ناسینی سیفاتەکانیەوە زاتی خوا دەناسێت ، جا هەر کاتێك جوانی کارەکانی خوای بەدی کرد ، جوانی سیفاتەکانی خوای بۆ ڕوون دەبێتەوە ، لە جوانی سیفاتەکانیشەوە جوانی زاتی خوای بۆ ڕوون دەبێتەوە ، لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە خوای گەورە خاوەنی هەموو سوپاس و ستایشێکە کەس لە دروست کراوەکانی ناتوانن بە پێی شیاو ستایشی بکەن بەو شێوەی خۆی ستایشی خۆی کردووە ، سوپاس بکرێ لە بەر زاتی ، بێگومان خوای گەورە خودی خۆی خۆشدەوێت ، ستایشی خۆی دەکا .

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی (( أفْضَلُ عبادِ اللهِ تعالى في القيامةِ الحمّادون )) ، ( رواه الطبراني وإسناده حسن ) ، واتە : چاکترینی بەندەکانی خوا لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو کەسانەن زۆر سوپاسی خوایان کردووە .

خوای گەورە دەفەرمووێ : ﴿ وَاشْكُرُوْ نِعْمَتَ اللهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴾ ( النحل : ١١٤ ) ، واتە : شوکرانەی ناز و نیعمەتەکانی خوا بکەن ئەگەر ئێوە تەنها ئەو دەپەرستن .

**إدريس محمود . دەرچووی یاسا**

## زانست دەپرسێت

زانستخوازانی بەڕێز:گەرچی لەژمارەکانی پێشوودا لە برگەی (زانست دەپرسێت) چەند هۆکار گەلێکی لاوازکەر یان ڕێگر یان سرکەرمان خستە ڕوو کەنەیان دەهێشت ئاستی ڕۆشنبیری بەرز بێتەوە لەو ئاتماندا،ئەم جارەش بەپێویستمان زانی بزانین لەبەرامبەر ئەم ڕێگرانەدا مامۆستایان و خوێندکاران تاچەند هەوڵیان داوە کە ئەم ئاستە بەرز بکەنەوە ،بەمانایەکی تر ئەو هەولآنە چین کە کردویان بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری،گەرچی هەردوو لایان باس لەوە دەکەن کە لاوازن لەمەڕ بەرز بوونەوەی ئەم ئاستەدا ،یاخوود هەوڵی پێویست نادەن.

ئێستا دەقاو دەق نوسینەکانی خۆیان دەخەینە ڕوو بزانین چۆن بۆمان دەدوێن بەزمانی قەڵەم کاتێك کە پرسیارمان کرد:

**تا چەند مامۆستایان و فێرخوازان هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریان داوە؟**

وەڵام:

**هاوڕێ کاوە: خوێندکاری زانکۆ**

ئێمە ئەگەر بێت و بەڕێژە دیاری بکەین ،ئەوا ئێمە ناتوانین بەتەواوەتی بابەتەکە بپێکین بەلآم ئەگەر بێتو قسەی لەسەر بکەین ،ئەوا قسە زۆر هەڵدەگرێت ، بەلآم هەر جۆرێك بێت من ئەتوانم ڕای خۆم دەربڕم ،من دەڵێم هەریەکە لەمامۆستایان و خوێندکاران حەقی تەواوەتیان نەداوە بەبەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری ،چۆن؟ بەوەی کە مامۆستایان لەناو هۆڵەکانی خوێندندا دەربارەی بابەتەکان و مەنهەجەکان تەنها لەناو چەند موحازەرەیەکدا کە نوسیویانە و پێیان لەناو هۆڵی خوێندندا پەخشی دەکەن بۆ خوێندکاران جگە لەو پارچە وەرەقانەی پێیانە زانیاری تریان پێ نییە، ڕێزم هەیە بۆ هەموو مامۆستایەکی موخلص بۆ ئیسلام و کوردو کوردستان ،وەهەروەها خوێندکارانیش ئەوەندەی بەخۆیان و دەورو بەری خۆیانەوە خەریکن نیو ئەوەندە یان زۆر لەوەش کەمتر بەتەنگ ڕۆشنبیری خۆیان و دەورو بەری خۆیانەوە نین،بۆیە من ئەتوانم بڵێم ئاستی ڕۆشنبیری لەناو مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردستاندا زۆر لاوازە ، بە هۆی ئەو هەموو دەردو بەلآیەی کەڕوی تێکردوین لەڕوی ڕۆشنبیریەوە، کە مشتێك لەخەرمانێکم دەربڕیووە.

****************

**هاوژین ستار: خوێندکاری زانکۆ**

تاڕادەیەکی زۆر کەم مامۆستا هەوڵ دەدات ئاستی ڕۆشنبیری خوێندکار بەرز بکاتەوە ، وە خوێندکارانیش بەهۆی نەبوونی زانیاری و ڕۆشنبیری مامۆستایان و خوێندکاران هەوڵی تەواو نادەن بۆ بەرز کردنەوەی زانیاری ڕۆشنبیری بۆیە ئاستی ڕۆشنبیری خوێندکاران نزمە بەشێوەیەکی گشتی.

****************

**هیمداد خالد: خوێندکاری پەیمانگا**

بەڕای من وەك خوێندکارێك نە مامۆستا و نە خوێنکار وەکو ئـەوەی کـە پێویـسـتە هـەوڵی خـۆ ڕۆشـنـبیرکردنیان نـەداوە. دەتـوانین بڵـێین بەڕێژەیـەکی کـەم هـەوڵی خـۆ ڕۆشنبیرکردن دەدرێت لە لایەن خوێندکارەوە نەك مامۆستا ،چونکە ئـەمڕۆ لـەم کوردسـتانە تاکـە شـت کـە هـەوڵی بـۆ ئـەدرێت لایـەنی مادییـە نـەك لایـەنی خۆخـەریك کـردن بەپێشخستنی زانست و ڕۆشنبیر کردن.

*****************

**م.شیشار محمود: مامۆستای ئامادەیی**

بسم الله الرّحمن الرّحيم :

هەڵبەتـە خۆشـگوزەرانی مرۆڤـەکان بەسـتراوەتەوە بـە بنـەما جوانـەکانی ئیسلام و جێ بـەجێ کردنی بەرنامەکە وەك ئـەوەی کـە خـواو پێغەمبەرەکـەی (ﷺ)،ئـەمریان پـێ کــردوە. مامۆســتایان چــینی فێرکــەر و ماندونەناســی کۆمــەڵگان، بــەڵام ئــەوانیش پێویــستیان بــە زیــاتر ڕێنمونیکردن و بەدواداگەڕان وخۆپـەروەدەکردن و ڕۆشـنبیر کـردن هەیـە، چـونکە مامۆسـتایان و زانایـان کۆڵەکەیـەکی گەورەی بنیاتنانی نەوەیەکی سەرفراز و روناکبیرن.

لەڕاسـتیدا لـەم ڕۆژگـارەی ئـەمڕۆدا بەڕێژەیـەکی کـەم هەست بـەوە دەکـەین کـە مامۆسـتایان و خوێنـدکاران ـ کـە هەستیارترین چینی بـەرەو پێش بردنی وڵاتن ـ خـەریکی زانست و بەدواداگەڕانی بن. سەرەڕای ئەوەش کەم دەبینین هەوڵی زیاتر خوێندنەوە و بەدواداگەڕانی زانیاریەکان بن. بەڵکو هـەموو لایەنـە تـەرفیهی ومیدیاکان وخواستی ژیـان وای لە٨٥٪ی کۆمەڵگا کردوە تەنها بیر لە جێ بەجێ کردنی حـەزو خولیاکانیـان بکەنـەوە مامۆسـتایانیش بـەدەرنین لـەم کۆمەڵگایـە. خوێنـدکارانیش بـەهۆی ئـەو هـەموو هۆکـارە تێکدەرانەی کە دەوریان داون زۆربـەی کاتـەکانیان تـەرخان کـردوە بـۆ جـێ بـەجێ کردنـی حـەزەکانیان و خوێنـدن و زانیاریان پشت گوێ خستووە. بۆیە پێویستە لەسەر چینی مامۆسـتایان وپـەروەردەکاران و توێـژەروان کـە هەسـتن بـە زیاتر وشیار کردنەوە و بەرەو پێش بردنی ئاستی زانست و ڕۆشـنبیری خوێنـدکاران و فێرخـوازان، بـۆ هێنانـە کایـەی وڵاتێکی ئارام و خۆشگوزەران.

*****************

**د.عیماد: مامۆستای زانکۆ**

بسم الله و الحمدلله:

بێگومان مامۆستایان و قوتابیان ڕۆڵی گرنگیان لە فەراهەمهێنانی ڕۆشنبیری و هۆشیاری ڕۆشنبیری هەیە، وە ئەرکێکی گەورەیان لە ئەستۆدایە لەم بوارە گرنگ و هەستیارە چی بە ووشە و چی بە فیعل و کردار ، وە لە میانەی هەڵسەنگاندنی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا دەبینین ئاستێك چرۆی کردوە لە ژێر چاودێری کۆمەڵێك لە خەمخۆران و خۆنەویستانی ئەم چینە وە ئەم چرۆیەش پێویستی بە هەوڵ و کۆششی زیاتر وزیاتر هەیە بۆ ئەوەی گەورە ببێت و پەل و پۆ بهاوێ و ببێتە بنەمای پایەکی گشتی گشتگیر و هاوسەنگ بۆ پاراستنی دین و دونیای خەڵك و ڕێگرتن لە خۆ پەرست و خۆخۆر و هەلپەرست، موقەددەڕات وسامان و ئازادی خەڵك لە ژێر ڕکێفی خۆیان بنێن.

**ئامادەکردنی: صباح و جیهاد**

**چاوە فرمێسکاویەکان**

گریـان لەبـەر خـودا دڵـەکان نـەرم دەکـات ، ڕۆحـەکان ئاسـودە دەکـات، ڕووەکـان و ڕوومەتـەکان گـەش و شـاد دەکـات، گریـانێکی پـاك و جـوان لەبـەر خـاتری خـودای پـەروەردگار ، لـە تـاریکی شـەواندا ، لـەو کاتـەی زۆربـەی خــەڵکی خــەوتوون، یــان خــەریکی شــتی پڕوپوچــن، بەندەیەکی خودا خـەریکی پاڕانەوە و نزاکردنـە، خـەریکی تەوبـەکردن و کرنـۆش بردنـە، بەسـەر چۆکدا لەبەردەسـتی پـەروەردگاردا، بـە کزۆڵـی و خـۆ کـەمکردن لـە ئاسـتی پەروەردگاریــدا، خــۆی بــە دڵۆپــە گریانــە بلوریــەکان دەرازێنێتـەوە، دوای ئـەوەی دڵـی نـەرم و پـاك و ئاسـودە دەبێـت، نزاکـانی ڕوو لـە خـودای پـەروەردگار دەکـات، لـەو کاتـەدا کـە هـەموو خـەڵکی کش و ماتن، خودای گـەورەش دێتە ئاسمانی دونیا بەو شێوەیەی کە شایستەی خۆیـەتی، تەوبەی تاوان باران و چپەی ڕازداران و ناڵەی نەخۆشان و هاواری چەوساوان و داوای هەموو داواکاران گیرا دەکات بە ڕەحمی خۆی، چەندە جوانە ئەم دەرفەتەی خودای گەورە لە دەست نەدەین..!؟ **زانست**

**سەرخستنی خودا..!**

الحمد لله الذى هدانا لهذا وما كنا لنهتدي لو لا أن هدانا الله، و الصلاة و السلام على رسول الله ، و على اليه و اصحابه الكرام البررة..

و بعد:

موسڵمانانی خۆشەویست، دیارە بەپێی سروشت و سیفاتە زیندووەکانی مرۆڤی ئیماندار ، وا تێدەگەین کە هەر ئیمانداریکی ڕاستەقینەی سەر ئەم زەمینەی دونیا، هەمیشە لە دڵەوە نیگەرانی دینەکەیەتی ، کە چۆن بڵاو ببێتەوە و خوداش کەی ئەم دینە بە تەواوی سەر بخات بەسەر هەموو ئەو دەستوور و دین و ڕێگا و ڕێبازانەی کە هەن و لە ئیسلامدا نین و زەرەری مرۆڤایەتی و دونیا و دوارۆژی هەموو خەڵکی تێدایە بەگشتی..!!

بەڵام ئاخۆ ئێمە دەتوانین تێگەیشتنێکی باش و ڕاستمان هەبێت بۆ مانای ( لا اله إلا الله )..؟!!

یاخود تۆ بڵی ئێمە گەشتبینە ئاستی سەرخستنی خودا..!؟؟ بەڵێ سەرخستنی خودا..! ئەوەتا خودای گەورە خۆی دەفەرموێ:﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تَنْصُرُوا اللَّهَ يَنْصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ ﴾ ( سورة محمد: ٧ ).

واتە: ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هێناوە، ئەگەر ( الله ) سەربخەن، سەرتان دەخات و سابت قەدەمتان دەکات و پێ وەستاو ڕاتان دەگرێت..

ئەزیزان ، کافر و موسڵمان ئەوە دەزانێت کە خودا هیچ پێویستی بە هاوکاری و یارمەتی بەندە بێ هێز و بێ تواناکانی خۆی نیە، چونکە موسڵمان و کافریش هەرکات گەشتە تەنگانە و توانای نەما بەوپەڕی دڵ سافیەوە هاوار دەکاتە خودای گەورە..!

خودا دەفەرموێت:﴿ وَإِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فِي الْبَحْرِ ضَلَّ مَنْ تَدْعُونَ إِلَّا إِيَّاهُ فَلَمَّا نَجَّاكُمْ إِلَى الْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ وَكَانَ الْإِنْسَانُ كَفُورًا ﴾ ( الاسراء : ٦٧ ) .

واتە: وە هەرکاتێ تووشی ناخۆشی و زەرەر و کۆسپێك بن لەناو دەریادا ، کێ بانگ دەکەن و هاوار دەکەنە کێ جگە لەو ( الله)..؟! بۆ ئەوەی بەهاناتانەوە بێت؟، کەچی هەر کە ڕزگاری کردن و بەرەو وشکانی ڕۆشتن، خێرا وەردەچەرخێن و لەپەرستنی خودا دوردەبن، مرۆڤ بەرامبەر بە خودا هەر ئاوا سپڵە و ناشوکر بووە.

مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە خوا باسی کافر و موشریکەکان دەکات کە لە تەنگانەدا هاوار دەکەنە ئەو، کەواتە خودا پێویستی بە ئێمە نیە بۆ سەرخستنی خۆی..!! ئەی باشە چۆن لەو ئایەتە تێبگەین؟ کە باسی سەرخستنی خودا دەکات؟!!

وەڵام ئەوە دەبێت کە: سەر خستنی خودا بەرز ڕاگرتنی مەشخەڵەکانی ئاینەکەیەتی و ڕەنگدانەوەی شەریعەتەکەیەتی لە نێو کۆمەڵگەی موسڵماناندا، بە تەنها خوا پەرستی و شوێن کەوتنی سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ و کارکردن بە فەرمانەکان و دوور کەوتنەوە لە یاساغەکانی..!

بانگخوازێك ڕوو دەکاتە ئەوانەی کە دەیانەوێت ئاینی ئیسلام و کەلیمەی تەوحید بەرز ڕابگرن و دەڵێ ( دەوڵەتی ئیسلام لە دڵی خۆتاندا دابمەزرێنن ، خوداش لە واقیعدا بۆتانی بەرپا دەکات..!!).

بەڵام توخوا ئەگەر ئێمە تەنها بە خۆزگا و دەم درێژی و تەنها وتەی بێ کردار و مەجلیس گەرم کردن دین داری بکەین...!!! دەتوانین چی پێشکەش بەو ئاینەی خۆمان بکەین..؟!

سەرخستنی ئیسلامەکەمان یەکەم هەنگاوی بەوە دەست پێدەکات کە ئێمە جاری خۆمان پابەند بین بە دەستوورەکانی و ڕازی بین بە سنورەکانی، دواتر کرداری پێ بکەین و پاشان بە شێوەیەکی جوان پێشکەشی خەڵکی بکەین و بانگەوازێکی دڵسۆزانە و لێبراوانەی بۆ بکەین.. تاوەکو خودا چاوەکانمان بە بەرزی و جوانی ئاینەکەمان ڕۆشن بفەرمووێ.

کەواتە موسڵمانی بەجەرگ، ئەی دڵسۆز و کارا، ئەی ئەوەی کە دڵت گڵپەی دێت و دەتەوێ دەستت هەبێت لە سەرخستنی ئاینی خودا..!! سەرت بڵند بکەوە و بڵێ من شانازی دەکەم بەمەی کە هەمە و ناوی ئیسلامە ، و پابەندم پێوەی و دڵسۆزیشم بۆ هەموو هاو دین و هاو زمانانم..!

هەمیشە پەیامداربە.. هەمیشە کارا و جوڵاوبە.. دڵسۆز و بەوەفابە.. ڕاستگۆ و بە پەیمان بە.. تا خودا ڕێگەی سەرخستنت پێشان بدات بە لوتف وکەرەمی خۆی و السلام.

**عبدالرحمن عبدالله**

## هەندێك لەو وشە و وتانەی کە خەڵکی لێی بێ ئاگان و دەبێتە هۆی هاوبەش بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار

١ . سوێند خواردن بە غیری خوا : خوای گەورە خۆی بۆ خۆی سوێند دەخوات بە هەر شتێك لە مەخلوقات و دروستکراوەکانی خۆی کە بیەوێت ، بەڵام بۆ مخلوقات ( دروستکراو ) دروست نیە سوێند بخۆن بە جگە لە خوا ، وە یەکێك لەو تاوانانەی کە زمانی خەڵکێکی زۆری لەسەر ڕاهاتووە و بەزمانیان دادێ ، سوێند خواردنە بە جگە لە خوا !! سوێند خواردن خۆی بۆ خۆی جۆرێکە لە بەگەورەکردن و شکۆمەندی بۆ ئەو کەسەی کە سوێندی پێ دەخورێت ، بۆیە ئەو شکۆمەندی و گەورەیەش شایستە و شیاوی هیچ کەسێك نیە جگە لە زاتی ﴿ الله ﴾ .

( عبدالله ) ی کوری ( عمر ) لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : (( أَلاَ إنّ اللهَ يَنْهَاكُمْ تَحلِفُوا بابائكُم مَنْ كَانَ حالفًا فَلْيَحْلِفْ باللهِ أَوْ لِيَصْمُتْ )) ( رواه البخاری ) ، واتە : وریابن خوای پەروەردگار حەرامی کردووە لە سەرتان کە سوێند بە باوك و باپیرانتان بخۆن ، جا هەر یەك لە ئێوە سوێندی خوارد با بەخودا سوێند بخوات یاخود بێدەنگ بێ .

( عبدالله ) ی کوری ( عمر ) لە پێغەمبەر ﷺ دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : (( مَنْ حَلَفَ بِغَيْرِ اللهِ فَقَدْ أَشْرَكَ )) ( رواه الإمام أحمد ١٢٥/٢ ، وصححه الألباني في صحيح الجامع : ٦٢٠٤ ) ، واتە : هەرکەسێك بە غیر خوا سوێندی خوارد ئەوا هاوبەشی بۆ خوا داناوە .

وە دەفەرمووێ : (( مَنْ حَلَفَ بالأَمَانَةِ فَلَيْسَ مِنَا )) ( السلسة الصحيحة : ٩٤ ) ، واتە : هەرکەسێك سوێند بە ئەمانەت بخوات ئەوە لە ئێمە نیە .

کە وابوو دروست نیە سوێند خواردن نە بە کەعبە ، نە بە شەرەف ، نە بە بەرەکەتی فلان ، نە بە ژیانی فلان ، نە بە گەورەیی پێغەمبەر ﷺ ، نە بە پیاوچاکان ، نە بە دایك و باوك ، و نە بە سەری منداڵ و ئەولاد ، نە بە گۆڕی فلان ، نەش بە گۆڕی شەهیدان ... هتد . هەموو ئەمانەن حەرامن بگرە هاوەڵ دانن بۆ خوا .

وە هەر کەسێك سوێندێکی خواردبە یەکێك لەمانە و تێکەوت ئەوا کەفارەتەکەی ئەوەیە بڵێ ( لاَ إلـــه إلا الله ) هەروەك لە فەرموودەی صحیح دا هاتووە : (( مَنْ حَلَفَ فَقَالَ فِي حَلِفِهِ وَاللاّتِ وَالْعزّى فلْيَقُلْ لاَ إِله إلاّ اللهَ )) ( رواه البخاری ) ، واتە : هەر کەسێك سوێندێکی خواردو لە سوێندەکەیدا ووتی بە ( لات ) و ( عوزا ) ، با پەشیمان بێتەوە بڵێ : ( لاَ إلـــه إلا الله ) .

**هەندێك لەو وشانەی کە بە زمانی خەڵکی دادێت و هاوبەش دانان و حەرامن :** لە وێنەی ئەم باسە کۆمەڵێك ووتە و گوفتاری شیرك و حەرام هەیە کە بە زاری هەندێ لە موسڵمانان‌ندا دێ ، لەوانە : ( پەنا دەگرم بەخوا و بە تۆ ، پشتم بەستوە بە خوا و بە تۆ ، ئەمە لە خواو لە تۆوە بوو ، کەسم نیە تەنها خوا و تۆ نەبێ ، خوام هەیە لە ئاسمان و تۆش لە زەوی ، ئەگەر خوا و فلان کەس نەبوایە ، بێ ئیمان بم ئەگەر وا نەبێ ( خەریکە ئیمانم نامێنێ ) ، ئۆ ساڵی نا ئومێدیی و نەگبەتی ) .

وە هەروەها هەر ووشەیەك جنێوو قسەی خراپی تێدابێت بەرامبەر کات و زەمانە وەکو دەوترێ : ( ئەمە زەمانێکی خراپە ، ئەم سەعاتە نەگبەتیە بوو ، ڕووی زەمانە ڕەش بێت ) ، ئەمانە هەمووی حەرامن چونکە جنێودان بە زەمانە کە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ خوا کە زەمانەی دروست کردووە .

هەندێك لەو ناوانەی کە خەڵکی پێی بانگ دەکرێت : لەوانە هەر ناوێك ( عبد ) ی تیابێت بۆ غەیری خوا حەرامە وەکە ( عبدالمسيح ، عبدالنبی ، عبدالحسين ) .

یان لەم جۆرە ناوانەش وەك ( الله ڕەش ، شێخ الله ، کاکە الله ، حاجی الله ، الله سور ، الله زەرد ، وە ئەوانەی هاوشێوەی ئەو ناوانەن ... هتد ) ئەم ناوانەش دروست نیە و حەرامن نابێت کەسی پێ بانگ بکرێت یان ناوی کەسی پێ بنرێت .

هەروەها لە و زاراوە و دەستە واژە و دەربڕینانەی کە پێچەوانەوەی ( تەوحيد ) ( یەکتاپەرستی ) ـە و حەرامن لەوانە : ( ئیشتراکیەتی ئیسلام ، دیموکراتی ئیسلام ، ویستی گەل لە ویستی خواوەیە ، دین بۆ خوا نیشتیمانیش بۆ کۆمەڵگا ، بە ناوی گەلەوە ، بەناوی شۆڕشەوە ) ، کە ڕەنگە خاوەنەکەی پێی لە ئایین دەرچێت .

وە هەروەها لە زاراوە و دەربڕینە حەرامەکانە بەکارهێنانی وشەی ( ملك الملوك ) وە ئەوەی ئەو مانایە ببەخشێ وەکو ( قاضي القضاة ) کە بۆ مرۆڤ بەکاربرێ .

هەروەها بە کارهێنانی ووشەی ( ئەگەر ) حەرامە ، کاتێك

مانای ناڕازیی و پەشیمانی و خەفەت و مەراق ببەخشێ ( وەکو دەوترێ ئەگەر ئەوەم بکردایە ئاوا دەبوو ، ئەگەر نەڕۆیشتبایە نەدەمرد ) ئەم قسەیە دەرگایەکە بۆ شەیتان لێوەی گوزەر دەکاتە نێو دڵ !! هەروەها ووتنی : (( اللهم إغفر لي إن شئت )) خوایە لێم خۆشبە ئەگەر دەتەوێ .

**ئادەم عوسمان . پەیمانگا. بەشی کۆمپیوتەر. رانیە**

**مرۆڤ تا ئازار نەچێژێت نرخی ژیان نازانێت**

بێگومان ژیان قوتابخانەی هەمومانە بەڵام ئایە تاچەند لەو قوتابخانەیە فێری وانەکانی ژیان دەبین یاخود تەنها بۆ بەدەستهێنانی نمرە و بەرزی پلە و پایەیە ؟!! یان بۆ کات بە سەربردنە ؟!!! بێگومان قوتابخانەیەکە پیوستی بە هەولدان و تێکۆشانە ، خودای پەروەردگار دەفەرموێ : وَأَنْ لَيْسَ لِلْإِنْسَانِ إِلَّا مَا سَعَى ﴾ ( النجم: ٣٩ ) ، واتە : هیچ باداشتێك نیە بۆ مرۆڤ مەگەر بەپێی کردەوەی خۆی .

قوتابخانەیە کە شکست و سەرکەوتنی تێدایە دەبێت بۆ شکستەکانمان چۆکدانەدەین و ئەڕوخێین بەڵکو دەبێت پەندیان لێوەربگرین و بیکەینە هۆکارێك بۆ سەرکەوتنەکانمان چونکە شکست ڕێگای سەرکەوتنە لەدوای شکست سەرکەوتن دێت ، ئەگەر شکست نەبینین نرخی سەرکەوتنەکانمان نازانین ، ژیان قوتابخانەیە کە وانەی زۆر جوانی لێوە فێردەبین وتەیەکی جوان هەیە کە دەڵێت : ( لە قوتابخانەکان وانە دەخوێنین پاشان تاقیکردنەوە ئەنجام دەدەین بەلام لە قوتابخانەی ژیان تاقیکردنەوە دەکەین پاشان وانە فێردەبین ) .

ئێمەی مرۆڤ کاتێ کە لە خۆشیداین نازانین کاتە کانمان چۆن دەڕوات بەڵام کاتێ کە توشی بەڵایەك دەبین یان ناخۆشیەکمان بەسەردادێت ئەو کاتە دەزانین کات چۆن دەڕوات چرکەیە دەبێتە دەقەیە دەقەیە کە دەبێتە کاتژمێر ..... ئەو کات بەخۆمان دەڵێین ئەگەر لە دەستی ئەم بەڵایە ڕزگارمان بێت ئەو کاتە دەزانین کە چۆن چێژ لە ساتە خۆشەکانی ژیان وەربگرین و ئەرکەکانمان بەباشی جێبەجێ بکەین .

**هەڵکەوت بورهان.ز.کۆیە.ك.زانست.ب. ماتمتیك**

## ماهي أعظم العبادة

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على من لانبي بعده ، أما بعد :

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته :

تأملت في كثير من المواضيع فما وجدت أجمل من هذا الموضوع أعظم العبادات التي نحن بأمس حاجة إليه ...

إخواني وأخواتي لتقربا إلى الله عزوجل هلا أدلكم عليها ... كان رسول الله ﷺ يفعلها على جميع أحواله ...

بل أمر لله تعالى المؤمنين بفعلها بعد الصلاة ... وبعد الصيام ... وبعد الحج ... بل وأثناء القتال ... وقبل الطعام وبعده ... وقبل النوم وبعده ... وقبل دخول الخلاء وبعده ـ أجلكم الله ـ ... وهي مع ذلك لاتحتاج إلى استقبال القبلة ... ولاستر العورة ... ولا إلى فعلها في جماعة ... ولا السفر لأجلها ... ولا إنفاق دينار واحد لأجلها ...

هذه العبادة ... يستطيع فعلها : الكبير والصغير ... والفقير ... والرجل والمرأة ... والعالم والجاهل ... والمشغول والفارغ ...

هل عرفت هذه العبادة ؟

هي التي مدح الله تعالى الصالحين والصالحات بأنهم يفعلونها دائما فقال ـ سبحانه وتعالى ـ : ﴿وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ﴾ (الأحزاب: ٣٥ ) .

وقال ـ صلى الله عليه وسلم ـ : « ألا أنبئكم بخير أعمالكم ، وأزكاها عند مليككم ، وأرفعها في درجاتكم ، وخير لكم من إنفاق الذهب والورق ، وخير لكم من أن تلقوا عدوكم ، فتضربوا أعناقهم ويضربوا أعناقكم ؟ قالوا بلى ، قال : ذكر الله تعالى » ..

قال معاذ بن جبل ـ رضي الله عنه ـ : ما شيء أنجى من عذاب الله من ذكر الله ...

فكن ذاكرا لله على جميع أحوالك ... نعم ... قد تقصر في قيام الليل ... أو صيام النافلة ... أو الصدقة ... فأنتبه أن تتكاسل ... نفسك عن الذكر ... وهو لا يكلفك شيئا ... وقد قال ربك عز وجل : ﴿ فاذكروني أذكركم واشكروا لي ولا تكفرون ﴾ .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**سندس بهلول.**
**كلية الأمام الأعظم.كركوك**

# مانای حەقیقەتی

## ( لا إله إلا الله محمد رسول الله )

٣ ـ (أ) له دلتەوە ئیعتراف بکەیت و بلێی شایەتی دەدەم کە هەموو ئەو ناو و سیفاتە تەواو و کاملانەی کە خۆت لە کتێبەکەت ( قورئان ) هێناوتن وەسفی خۆتی بێ کردون ئەوانەیش کە پێغەمبەرەکەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ له فەرموودەکانیدا بۆ تۆی ئیسبات کردون .

وە بروام هەیە بە هەموو سیفاتە بەرز و ناوە جوانەکانت بە بێ گۆرینی ماناکانیان یان پشتگوێ خستنیان بە تەواوی یان بیانچوێنی بەشتی تر ( لە دروستکراوەکانی یان نمونەیان بۆ بهێنیتەوە ) . وەك خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ﴾ ( الشوری : ١١ ) ، واتە : هیچ شتێ له الله ناچێت وەئەو بیسەر وبینەرە .

ئەم ئایەتە پیرۆزە سیفەتی بیستن و بینین بۆ خوای گەورە دەچەسپێنێ و دەیسەلمێنێ بەبێ هیچ پێ جواندنێك بە شتانی تر .

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ ( لە بارەی دروستکردنی باوە ئادەمە وە .. ) (( ... کە بەدەستی خۆم دروستم کردووە ...) ( سورە ص : ٧٥ ) .

ئەمەش دەیسەلمێنێ کەخوای گەورە دوو دەستی هەیە بەبێ هیچ لێکچونێك بە ( شتی تر یان دەستی دروستکراوەکانی ) . بەهەمان شێوە دەفەرموێ : خوای بەبەزەیی ( الرحمان ) لەسەر عەرشەکەی خۆیەتی بە شێوەیەك کە شایستەی گەورە یی خۆیبێت وە خوای گەورە لەسەر عەرشەکەی خۆیەتی لەسەروی هەر حەوت ئاسمانەکان وەك کویلە ئافرەتەکە ئاماژەی پێدەکات بەرە و ئاسمان کاتێك کە پێغە مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) پرسیاری لێکرد .

هەروەها ( الله ) دێتە خوارەوە بۆ یەکەمین ئاسمان تەنها لە دووکاتتدا ، کاتی سێیەکی هەموو شەوێ وە لەڕۆژی عەرەفەدا ( نۆمینەی حاجیان ) کە لە لایەن پێغەمبەرەوە باسکراوە . بەڵام ( اللە ) لە گەڵماندایە بە زانستەکەی خۆی بە ( عیلم )ی خۆی ، نەك وەك هەندێ خەڵك دەڵێن خوای گەورە لە هەموو شوێنێکدایە لێرە لەوێ هەتا لەناوسینەی مرۆڤشدا !

خوای گەورە دەبیستێ ودەبینێ هەموو ئەو شتانەی کە دەیکەین و دەری دەبرین .

ئەمە پێ ی دەوترێت دا ننان وبروابون بە ( یەکخوایەتی خوای گەورە لە ناووسیفە تە کانیدا ) .

ئائەمە بیروبروای راستە ڤینەیە ئەمە بیروبروای هەموو پێغەمبەران بووە هەرلە پێغەمبەر نوح ( علیه السلام ) هەتا پێغەمبەر محمد ( صلی الله علیه وسلم ) وە هاوەڵانی پێغەمبەر ( صحابه ) ( رەزای خوایان لێبێت ) هەر کەسیش شوێن کەوتەی ئەو پێغەمبەرانەیە ( علیهم السلام ) .

## THE REAL MEAMING OF

## (LAA ILAHA ILA ALLAH) 2

3- A confession with your heart that: "O Allah! I testify that all the best of the names and the most perfect qualities with which You have named or qualified Yourself in Your Book (the Quran) or as Your prophet Muhammad (peace be upon him) has named or qualified You with his statements، I believe that all those (names and qualified) are for You without changing their meanings or neglecting them completely or likening them (giving resemblance) to others." As Allah says: "there is nothing like Him and He is the All-Hearer، the All-Seer" (V.42; 11)

This Noble verse confirms the quality of hearing and the quality of sight for Allah without likening them (giving resemblance) to others، and He also says: "To one whom I have created with Both My Hands،" (V.38; 75) and He also says: "The Hand of Allah is over their hands" (v.48;10) this confirms two hands for Allah، but there is no similarity for them. Similarly Allah says: "The Most Gracious (Allah) rose over the (Mighty) Throne." (V.20; 5). So He rose over the Throne really in a manner that suits His Majesty. And Allah is over His Throne over the seventh heaven. As the slave-girl pointed towards the heaven when Allah's messenger (peace be upon him) asked her as where Allah is.

He only comes down over the first (nearest) heaven to us the last third part of every night and also on the day of Arafah (Hajj، i.e.، the ninth of Dhul-Hijjah)، as mentioned by the prophet (peace be upon him)، but He is with us by his knowledge only، not by His Personal-Self. It is not as some people say that Allah is present everywhere here، there and even inside of human breasts. He sees and hears all that we do or utter.

And this is called (your confession for the) "Oneness of the Names and Qualities of Allah"(توحيدالاسماءوالـــصفات) and this is the right Believe، this is the Believe which was followed by the messengers of Allah from Noah (نـــــوح) peace be upon him to the last prophet Muhammad (peace be upon him) and Companions (may Allah be pleased with them)m and the righteous followers of the messengers (peace be upon them all).

ڕێبوار عبدالله . ك . خانەقین. بەشی ئینگلیزی

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.